# شانۆی کوردی لە کەلار

سەباح عەلی جاف

٢٠١٧

**ناسنامەی کتێب**

**ناوی کتێب :** شانۆی کوردی لە کەلار

**نوسەر :** سەباح عەلی جاف

**بوار :** لێکۆڵینەوەی مێژوویی

**تایپ :** نوسەر

**هەڵەچن :** روخسار محەمەد

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە :** ئارام کەمال دەلۆ

**نۆبە و ساڵی چاپ :** چاپی یەکەم / ٢٠١٧

**شوێنی چاپ :** شــا ڕیکلام

**ژمارەی سپاردن :** لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (     )ی ساڵی ٢٠١٧ ی پێدراوە

**لەسەر ئەرکی ناوەندی باڵای گەرمیانی – یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان  لە چاپ دراوە**

## پێڕست


| ژ | بابەت | پەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٩ |
| ٢ | بەشی یەکەم<br>هونەری دراما | ١٢ |
| ٣ | تەوەری یەکەم : چەمکی شانۆ و شانۆی کوردی | ١٣ |
| ٤ | تەوەری دووەم : شانۆ لە گەرمیان | ١٥ |
| ٥ | بەشی دووەم<br>ڕەوتی شانۆ لە کەلار | ٢٧ |
| ٦ | تەوەری یەکەم : سەرەتاکانی شانۆ لە کەلار | ٢٨ |
| ٧ | تەوەری دووەم : یەکەمین تیپی شانۆی ئەکادیمی لە کەلار | ٣١ |
| ٨ | تەوەری سێیەم : ڕەوتی شانۆ لە پاش ڕاپەڕین | ٣٦ |
| ٩ | خشتەی شانۆگەریەکان | ٥٢ |
| ١٠ | ئەنجام | ٨٦ |
| ١١ | سەرچاوەکان | ٨٨ |
| ١٢ | ئەلبومی وێنەکان | ٩٤ |

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

## ووتەیەک

کتێبی ( شانۆی کوردی لە کەلار ) یەکێکە لە لێکۆڵینەوە پڕ بایەخەکان چونکە نوسینەوەی بەشێک لە مێژووە ، مێژوویەکی گرنگ کە بریتیە لە دراما لە کەلار و گەرمیان ، بە خوێندنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە بۆت دەردەکەوێت کە نوسەر زۆر ماندوو بووە لە کۆکردنەوەی ووردی زانیارییەکانی رەوتی شانۆ لە هەریەکە لە ( خانەقین ، دەربەندیخان و کفری ) بە گشتی و (کەلار ) بە تایبەتی و پشتی بە چەندین جۆری جیاواز لە سەرچاوە بەستووە ، هەروەها رەوت و چالاکیەکانی بواری شانۆی کەلاری پۆلێن کردووە بۆ چەند قۆناغێک و گەشە کردنەکانی ئەو قۆناغانەیشی جوان دەرخستووە ، ئێستا تا نوسینی ئەم ووتەیە مایەی خۆشحاڵیە کە چالاکیەکانی شانۆ لە ئاستێکی دڵخۆشکەردایە بەشێوەیەک شانۆی سنورەکە تەنها لە گەرمیاندا نیە تەنانەت لە شار و شارۆچکەکانی تری کوردستانیشدا نمایش دەکرێن و بینەری هەیە ، سوپاس بۆ نوسەر ( سەباح عەلی جاف ) کە شەرەف مەندی کردین بە نوسینی ئەم ووتە کورتە لەم بەرهەمەدا.

کاتێک کە نوسەر داوای سپۆنسەری لێکردین بۆ چاپ کردنی لێکۆڵینەوەکەی کە ئێمە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان پێی هەستین بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانرا ئەو کارە جێبەجێ بکرێت ، هاوکات کاک رێبوار مستەفا – لە ناوەندی باڵای گەرمیانی – یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان پێی راگەیاندین کە ئێمە کتێبێک پەسەند بکەین ئەوا ئەوانیش ئامادەن سپۆنسەری بکەن ، بۆیە باشترین کتێبی ئامادە بە لای ئێمەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە بوو ، جا بۆیە لە رێگەی ئێمەوە ئەم کتێبە ئاراستەی ئەوان کرا بە رەزامەندی هەردوو لا کە تێچووی کتێبەکە لە ئەستۆ بگرن بۆ چاپ کردن .

جێگەی خۆیەتی لێرەوە دەست خۆشی لە کاک رێبوار مستەفا – لە ناوەندی باڵای گەرمیانی – یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بکەین ، هیواداریین لە پاش ئەم کارە

نوسەر بەردەوام بێت لە کارکردن لەسەر لێکۆڵینەوە لەسەر رەوتی شانۆ لەم ساڵانەی دوای و حاڵی حازردا چونکە پرۆسەکە بەردەوامە و لە گەشەکردنیشدایە، چەندین گروپی فەرمی شانۆیشمان هەیە کە بەردەوامن لە کارکردن .

سڵاو سوپاس بۆ هەموو شانۆکاران و شانۆکارانی گەرمیان و دەستی هیمەت و ماندووبونیان دەگوشین ، سڵاو لە رۆحی ئەو شانۆکارانەی کە ئێستا لە ژیاندا نەماون .

**ئاکۆ یوسف احمد ( ئاکۆ هۆرێنی )**
**بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان**
**٢٠١٧/٤/٢٠**

# ووتەیەک

ناوەڕاستی هەشتاکان و بەدیاری کراوی ساڵی ١٩٨٦ کەلار لە زۆر رووەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە دی، بە تایبەتی لە رووی چالاکی کلتوری و فەرهەنگییەوە. لەو ساڵە بە دواوە ژمارەیەکی زۆر خوێندکار بە هۆی نەبوونی زانکۆ و پەیمانگا لە شارۆچەکەکە بۆ تەواوکردنی خوێندن روویان لە شارەکانی کوردستان و عێراق کرد و لەوێ جۆرێک لە بەریەک کەوتنی کلتوری دروست بوو، هەندێ لەو خوێندکارانە کە تێکەڵی بوارەکە ببوون لەوێ کاتێک گەڕانەوە بۆ کەلار لە گەڵ خۆیاندا ئەو شتە نوێیانەیان هێنایەوە.

هەرچەند شانۆ و میوزیک لە کەلار پێشتریش بوونی هەبوو، بەڵام نەک وەک تیپ، کاتێک تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار دامەزرا و لە ساڵی ١٩٨٦ نۆبەرەی بەرهەمەکانی پێشکەش کرد ،خەڵکێکی یەکجار زۆر پێشوازیان لێ کرد، ئیتر ئاسان نەبوو هونەرمەندانی کەلار دەست بەرداری جەماوەرەکەیان بن و دڵیان بشکێنن، چونکە تینوێتی خەڵک بۆ هونەر لەو سەردەمەدا لەباس کردن نایەت.

ئەم دیاردە نوێیە بوو بە نەریتێک و ماوە ماوە هونەرمەندانی گەرمیان سەرەڕای دەیان رێگر و بەربەستی سیاسی و ئەمنی و دارایی و نەبوونی هۆڵی گونجا و کەرەستەی کار، کاری هونەریان پێشکەش بە جمهورەکەی خۆیان دەکرد.

کارکردن لە شانۆ لە گەرمیان بە چەند قۆناغێکی سەختدا تێپەڕی، پێش راپەڕین کە قۆناغی دامەزاندن و ئاشنا بوون بوو بە وردەکارییەکانی ئەم هونەرە، قۆناغی دوای راپەڕین و ساڵەکانی گەمارۆی ئابوری و شەڕی ناوخۆیی تاوەکو ساڵی ٢٠٠٠ی خایاند، لە گەڵ قۆناغی دوای رووخانی رژێم و بوژانەوەی ئابوری و کرانەوە بە رووی دونیا و تەکنەلۆژای پەیوەندییەکان. هەریەک لەو قۆناغانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویست بە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی زۆر دەکات.

لەوانەیە لە ئێستادا بەبەراورد بە ساڵانی رابردوو نەک هەر لە گەرمیان بەڵکو لە تەواوی کوردستاندا هەست بە جۆرێک لە پاشەکشە بکرێت لە شانۆدا بەڵام بە رای من ئەمە قۆناغێکی کاتییەو تێدەپەڕێت و لە ئایندەدا ئەم هونەرە رەونەق و شەوقەکەی جارانی بۆ دەگەڕێتەوە.

مامۆستا سەباح عەلی جاف یەکێکە لەو گەنجە دڵسۆزانەی گەرمیان کە ساڵانێکە

خەمی ئەرشیف کردنی کایە روناکبیری و هونەرییەکانی ناوچەکەی لە ئەستۆ گرتووە و لەو پێناوەدا بە هێمنی و دور لە هەراو هوریا رەنج و ماندوو بوونی زۆری کێشاوە. ئەم کتێبەشی کە بە وردی شانۆی گەرمیانی ئەرشیف کردوە جێگەی دەست خۆش و پێزانینە، چونکە توانیویەتی وردەکارییەکانی ئەم هونەرە و ئەوانەی ساڵانێک خۆیان بۆ تەرخان کردوە، لە رێگەی بەڵگە و دیکۆمێنتەوە بینوسێتەوە.

سەرەڕای دەستخۆشی ماندوونەبوون لە مامۆستا سەباح، هیوادارم لە کارەکەیدا بەردەوام بێت و وەک چۆن ئەرشیفی کاری رۆژنامەنووسی و شانۆی لە گەرمیان کردوە، درێژە بە هەوڵەکانی بدات و رووە شارستانییەکانی دیکەی گەرمیان بەو وردی و زانستیەوە ئەرشیف بکات.

**مەجید ساڵح**

## ووتەیەک

زۆرن ئەوانەی لە مێژوودا خزمەتی گەورە و گەورەتریان کرد لە جیهان و لە ژیانی مرۆڤەکاندا لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا و توانیان ئێمە و خەڵکی تریش دروست بکەن ، من بۆ خۆم سی و پێنج ساڵە لە بواری هونەری شانۆ و سینەما و دراما کار دەکەم بە نوندن یان دەرهێنان ، سوپاسی زۆری مامۆستا و رۆژنامەنوسی گەرمیان و کوردستان کاک سەباح عەلی جاف دەکەم دوای ئەم تەمەنە ئاوڕی لە کاری هونەرمەندانی گەرمیان داوەتەوە کە چەندین کەس تێیدا ماندوو بوونە بەشێوەیەک چەندین نمایشی شانۆ و درامای تیا کراوە و چەندین بینەری جوانی دروست کردووە ، بەردەوام شانۆیان کردووە بە مینبەرێک بۆ رۆشنبیر کردن و رووبەڕووبونەوە و ململانیە و جوان کردنی ژیان بۆ مرۆڤەکان .

وەک ئەرکێکی سەر شانم تەنها کارێکی بچوکم کرد شانۆم لەم شارەدا وەک بیرۆکە و دەست پێک بنیاد نا ، لە شاری کەلاردا زۆرێک لە هونەردۆستانم عاشقی کاری هونەری کردووە لەگەڵ هاوڕێکانمدا لەئێستادا خەون و ماڵی گەورەی من هونەرە و ئەوەندەی پێمان بکرێت کار دەکەین ، دوای سەدەیەکی تریش ئەم رووبارە پڕاوپڕ لە عشقی هونەرە هەر بەردەوام بێت و هونەریش جوانتر بێت ، هەزارەها سڵاویش لە هونەرمەندانی ماندووی ئەم رێبازی هونەری و رۆشنبیرییە ، درود بۆ هونەرمەندانی کۆچکردوو و رێز و حورمەت بۆ کەس و کاریان .

**هونەرمەند : سەربەست ئەحمەد**

## پێشەکی

شانۆ هونەری هونەرەکان ، ئەو هونەرەی بە درێژی سەردەمەکان مرۆڤ توانیویەتی لە ڕێگەیەوە کێشە و داواکاریەکانی خۆی لێوە ئاراستە بکات ، شانۆ ئەو کارە دەستەجەمعێی ئاوێنەی رۆژگارەکان و رووداوەکان چی ئەوانەی لە پێشتردا رویان داوە یان ئێستا و داهاتوو کە روو دەدەن یان دەکرێت لە ڕێگەی شانۆگەریەکەوە سەردەمەکان تێکەڵ بکرێت و پێشکەشی جەماوەر بکرێت ، شانۆ بەدرێژای مێژوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە جێگەی خۆی نەوەستاوە بەڵام ئەوەی هەیە شانۆ هەر شانۆیە ، مێژووی شانۆ (دراما) بۆ دێرین دەگەڕێتەوە یۆنان لانکی ئەم هونەرەیە و لە ئەوروپاوە گەیشتوەتە زۆر لە گەلانی تری بە تایبەت کورد ، مێژووی شانۆ لای کورد زۆر کۆن نیە بەشێوەیەک بۆ بیستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێـتەوە و لەم رووە شانۆ لە سلێمانی و هەولێر گەشەی کردووە ،لە گەرمیان و کەلار ئەم هونەرە وەک زۆر جێگەی تری کوردستان لە قوتابخانەوە دەست پێ دەکات و زۆر تر شانۆ لەم سنورە بۆ نیوەی سەدەی رابردوو دەگەڕێـتەوە و لە پەنجاکاندا لە هەر یەکە لە کفری و خانەقی و کەلار شانۆگەری کوردی بەمانای میللی پێشکەش کراوە .

ئەم لێکۆڵینەوە زۆر تر قسە کردنە لەسەر مێژووی دراما نەک هونەری شانۆ واتا کارکردن لەم رووەوە زۆر تر لایەنی مێژوویە بۆیە دەکرێت بەشێوەیەکی زانستی و بە رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووی هونەری شانۆ لە گەرمیان و کەلار بخەینە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکەوە کە سودی بۆ هونەرمەندان و لێکۆڵەران هەبێت ، مێژووی شانۆ لە گەرمیان بە گشتی و کەلار بە تایبەتی کۆن نیە بە تایبەت دروست بوونی تیپی شانۆی ئەکادیمی و پێشکەش کردنی بەرهەمی درامی بە شێوەیەکی زانستی لەچوارچێوەی تیپێکی هونەریدا بۆیە دیسان دووپاتی دەکەینەوە گەرمیان لە بواری هونەری شانۆدا دوانەکەوتوە بەڵکو شان بەشانی شوێنەکانی تر کاری هونەری بەشێوەیەکی کلاسیکی پێشکەش کراوە کە دەکرێت کردنەوەی ئاگری نەورۆز و شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر ) لەم رووە بە نمونە وەربگرین لە پەنجاکانەوە لە گەرمیان پێشکەش کراوە ، لەم لێکۆڵینەوەدا زۆر تر تیشک خراوەتە سەر شانۆی کوردی لە گەرمیان بە گشتی و کەلار بە تایبەت ، شانۆ لەم شارە بۆ هەشتاکان دەگەڕێتەوە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و لەم رووە زۆر تر قسمان کردووە و سنوری زۆر تری توێژینەوەکە پێک دێنێت .

مێژووی شانۆ لە کەلار لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت لەگەڵ پێنج تەوەر ، بەشی

یەکەم تایبەتە بە هونەری دراما لە تەوەری یەکەمدا بە کورتی تیشک خراوەتە سەر دراما بە گشتی و مێژووی دراما لە جیهاندا ، تەوەری دووەم بریتیە لە هونەری شانۆ لە گەرمیان کە سنورەکەی دیاری کراوە بریتیە لە مێژووی شانۆ لە هەریەکە لە ( کفری ، دەربەندیخان و خانەقین ) ، بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە کە بەشی سەرەکییە تەرخانە بە ڕەوتی شانۆ لە کەلار لە سێ تەوەر پێک دێت ، تەوەری یەکەمی تەرخانە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی شانۆگەری لەکەلار ئەمەیش زۆر تر بۆ شارەدێی (کەلاری کۆن ) دەگەڕێتەوە کە ئێستا گەڕەکێکی دێرینی شارەکەیە ، تەوەری دوومیش تایبەت بۆ دامەزراندنی یەکەمین تیپی ئەکادیمی شانۆ لە ساڵی ١٩٨٦ ئەویش ( تیپی شانۆ و مۆسیقای گەرمیان / کەلار )ە لەگەڵ دوو تیپی تر ئەوانیش تیپی شانۆی ( سیروان ، پێشڕەو ) ە کە تا ساتی ڕاپەڕین لە کەلار بەردەوام بوونە لە پێشکەش کردنی شانۆ بە جەماوەر ، تەوەری سێیەم کە دوا تەوەرە بۆ قسە کردن لەسەر مێژووی شانۆ لە پاش ڕاپەڕین لە شارەکە تەرخان کراوە کە بە سەردەمی زێڕینی شانۆ لەم شارە دادەنرێت بە بەشداری چەندین تیپ و گروپی شانۆی لەگەڵ لایەنەکانی تر بە تایبەت شانۆی قوتابخانەکان چەندین بەرهەمی تر نمایش کراوە لەگەڵ کورتەیەک لەژیانی بەشێک لە هونەرمەندانی کەلار ، لە کۆتای ئەم توێژینەوەیەدا لە پێنج خشتەدا زۆرینەی شانۆگەریەکانی کەلار خراوەتە ڕوو لەگەڵ ناوی دەرهێنەر و کات و شوێن و لایەنی پێشکەشکاردا کە زۆرینەی وەک ووتمان تیپە شانۆیەکان و قوتابخانەکانن ، لە پاش ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتوینەتە ئەنجامێک کە خراوەتە ڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان کە بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتی پێ بەستراوە لەگەڵ پیشاندانی چەند وێنەیەکی شانۆی لە پاش ساڵانی (١٩٨٦-٢٠١٦ ) پێشکەش کراوە و لێرەدا بەشێکی خراوەتە ڕوو .

سەرچاوە لە کاری توێژینەوەدا بەشێکی گرنگە بۆیە ئێمەیش لەم کارەدا پشتمان بە چەنیدن سەرچاوەی جۆر بە جۆر بەستووە بۆ ئەم کارە خۆی لە کتێب و ڕۆژنامە گۆڤار و چاوپێکەوتن و دەلیلی شانۆ و بڵاوکراوە حوکمیەکاندا دەبینێتەوە ، بەو پێیەی لە ڕابردوودا کەمتر لەم ڕووە قسە کراوە بۆیە ئێمە زیاتر پشتمان بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەستووە تا ڕادەیەک بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەم لێکۆڵینەوە چاوپێکەوتنمان ئەنجامداوە لەگەڵ هونەرمەندان و بۆ ئەم مەبەستە چەند هونەرمەندێکمان بەسەر کردووەتەوە بە تایبەت هونەرمەندە بە ئەزمونەکان بەم شێوەیە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندمان لەم ڕووە لە فەوتان ڕزگار کردووە و لەم ڕووە پەیوەندی بە زۆرێک لە هونەرمەندانەوە کراوە بە

تایبەت لە ڕێگەی تەلەفۆن و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە خۆشبەختانە زۆرێک لە هونەرمەندان هاتونەتە سەر خەت و هەندێکی تر وەڵامیان نەبووە بۆیە دەکرێت ئەو گلیە لەوان بکرێت گەر شتیک هەبووە و نەخراوەتە روو ، هەروەها دەلیلی شانۆگەریەکانیش توانیویەتی بەشێک لە بیرەوەری و مێژووەکانمان زۆر تر بۆ پشت ڕاست بکاتەوە بۆیە وەک سەرچاوە پشتمان پێ بەستووە

هیچ کارێک بە بێ ڕێگری و ئاستەنگ نایەتە بەرهەم بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیش ڕێگری و کۆسپی هاتوەتە بەردەم بەتایبەت لەوەی زۆر بە کەمی لەسەر مێژووی هونەری شانۆ لە سنورەکە بە تایبەت کەلار نوسراوە ، هەروەها بەشی زۆری هونەرمەندان باش یادەوەریەکانیان بە بیر نەدەهاتەوە بە تایبەت بە شێوەیەکی زنجیرەی و ڕێک و پێک لە مێژووی بەرهەم و شانۆگەریەکان ، کەمی کات بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە بەشێک لە بەڕێزەکان کەمتر کاتی خۆیان بە ئێمە بەخشیوە بۆ ئەم کارە ، کەمتر بەدەمەوە هاتنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەرەوی تیپە هونەریەکان بە تایبەت قوتابخانە و لایەنی پەروەردە کە ئەمەیش زۆر تر بۆ نەمانی ئەرشیفی هونەری شانۆ لەم رووە دەگەڕێتەوە ، لێرەوە خۆشحاڵم توانیومە بە کارێکی لەم شێوەیە هەستم دەکرێت ئەمە سەرەتای پرۆژەیەکی گەورە تر بێت هەربۆیە دڵنیام هیچ کارێک بێ هەڵەو کەم و کورتی نابێت بۆیە بۆ هەر هەڵەیەک لەم رووە دەکرێت بە هەند و بنیاد نەر وەر بگیرێت و خۆشحاڵم رەخنەکان بە هەر ڕێگەیەک بێت ئاراستە بکرێت لە پێناو بنیاد نانی نوسینی باشتری مێژووی شانۆ لە کەلار ، هەر لێرەوە سوپاسی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم رۆژێک لەم شارەدا بە کارێکی هونەریەوە خەریک بوون ، هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و کاتی خۆیان بە من بە خشتی ، سوپاسی تایبەتیش بۆ هەریەکە لە ( سەربەست ئەحمەد ، کامەران عەبدولڕەحمان ، ئیبراهیم باجەڵان و محەمەد سابیر ) کە هاوکاری زۆرم بوون ، سوپاس بۆ خوای گەورە کە یارمەتی داین بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بە هیوام توانیبێتم خزمەتێکی بچوک بە شارەکەم و کوردستان بکەم بە تایبەت تۆمار کردنی مێژوو چونکە دڵنیام بۆ ئێستا و داهاتوو سودی دەبێت .

**سەباح عەلی جاف /کەلار**
**نیسانی ٢٠١٧**

# بەشی یەکەم
## هونەری دراما
### تەوەری یەکەم : چەمکی شانۆ و شانۆی کوردی
### تەوەری دووەم : شانۆ لە گەرمیان

# بەشی یەکەم
# تەوەری یەکەم

## چەمکی شانۆ و شانۆی کوردی :

شانۆ (دراما) ووشەیەکی یۆنانیە لە ووشەی DRAM ەوە هاتووە مانای ( کار = فرمان ) دەگەیەنێت ، ووشەی درامایە هەر لەو زمانە کۆنە یۆنانیەوە گەیشتوەتە ناو زمانە نوێیەکانی گەلانی ئەوروپا و لەوێیشەوە گەیشتە گەلانی تری وەک عەرەب و تورک و هەر بەو جۆرە خۆیشی هاویشتە نێو زمان و فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری کوردیشەوە ، بەکارهێنانەکەی زۆر کۆن نیە [١] ، یۆنان وەک یەکەم زێدی سەرهەڵدانی دراما لە جیهاندا خاوەنی نوسەر و درامانوسی گەورەیە و گەر بمانەوێت باس لە مێژووی دراما بکەین ناتوانین باز بەسەر ئەم خاکەدا بدەین بەم پێیە بێت یۆنان لانکەی سەرهەڵدانی درامایە ، لەسەرەتادا دراما تەنها تراژیدیا بووە ئەگەر چی بۆ خواوەند (دیۆنسیۆس) گریان و پێکەنین پێشکەش کراوە بەڵام پێش کۆمیدیا تراژیدیا فۆرمی هونەر وەردەگرێت بە شێوەیەک بایەخی تراژیدیا دەگاتە ئاستێک فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ ) پ. ز لە کتێبەکەیدا (شیعر) زۆر باسی ئەم هونەرە دەکات و پێی وایە درامای رەسەن تراژیدیایە بەم شێوەیە دەردەکەوێت یۆنان مەملەکەتی سەرهەڵدانی شانۆ بوە [٢] .

شانۆی کوردی مێژوویەکی کۆنی نیە ، سەرەتاکانی ئەم هونەرە لای کورد بۆ بیستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە و شانۆ لێرە لەسەر تەختەی شانۆی ناو قوتابخانەکان لە دایک بووە ، گەر باس لە شانۆ لە باشوری کوردستان بکەین ئەوا بەو پێیەی بەشێک لە عێراقی عەرەبی بووە ئەوا دەبێت باس لە سەرەتای ئەم هونەرە لەم وڵاتە بکەین یەکەم شانۆی عێراقی مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٨٨٠ز دەگەڕێتەوە کە شانۆگەری ( الشماس) ی حەننا حەبەش بووە لە شاری موسڵ ، سەبارەت بە دەرکەوتنی شانۆی کوردی رای جیاواز هەیە بەشێوەیەک بەشێک بۆ ئەوەی دەبنەوە یەکەم شانۆلە ساڵی ١٩١٢ز لە سەیرانەکانی سەرچنار چەند جوڵەیەک بووە وەک نمایش لە سلێمانی ، بەشێکی تر پێیان وایە لە ساڵی ١٩٢٠ز لە نمایشی ناو قوتابخانەکان لە قوتابخانەی ( اربیل اولا ) بووە کە لیژنەی فەن و تەمسیل دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٢١ز شانۆی ( سەلاحەدینی ئەیوبی ) یان نمایش کردوە ، یەکەم تیپی شانۆ لە کوردستان ، تیپی شانۆی قوتابخانەی زانستی

بووه لە ساڵی ١٩٢٦ز لە سلێمانی دامەزراوە و هەر لەو ساڵەدا شانۆی (علم و جهل)[٣] لە لایەن ( فوئاد رەشید ) ەوە ئامادە و پێشکەش کراوە ، هەر لەم ساڵەدا قوتابیانی کچانی سلێمانی شانۆی ( دایک ) یان پێشکەش کردووە لە نوسینی شێخ نوری شێخ ساڵەح بووە ، بەم شێوەیە دەردەکەوێت سەرەتاکانی شانۆی کوردی لە قوتابخانەکانەوە چرۆی کردووە ساڵ بە ساڵ زیاتر گەشەی کردووە [٤] .

**هونەری دراما (شانۆ) :** مسرح Drama وەک لە سەرەوە ووتمان لە زمانی یۆنانیدا واتایی ( کار ) ە ، پێشینان هونەری دراما دەکەن بە دوو بەشی سەرەکیەوە ، ناخۆش و خۆش [٥] ، هەژاری موکریانی لە فەرهەنگە دانسقەکەیدا سەبارەت بە ووشەی شانۆ چەند ووشەیەک دەخاتە روو لەوانە» شانۆ : سەکۆی کۆسەبازی ، شوێنی هونەر نواندنی وازی کەران « سەبارەت بە شانۆگەری لەم فەرهەنگەدا هاتووە « شانۆگەری : کایەکردنی شانۆ» [٦]، ئەرستۆ بەم شێوەیە پێناسەی دراما دەکات « لاسای کردنی کاری مرۆیە» لە شۆرڤەکردنی ئەم پێناسەیەدا رەخنەسازان دووچاری چەندین دووڕیانی ئاڵوز بوونە ، رەنگە شیاوترین راڤە بۆ ئەم دەستەواژەیە کە ووتراوە دراما لە فاکتەرگەلێکی جەوهەری پێک دێت وەکو ( چیرۆک ، بە شێوەی کردە دادەڕێژرێت نەک گێڕانەوە ، لە ووتەکاندا تایبەتمەندی دیاری کراوی هەیە ، ئەکتەر هەڵیدەسوڕێنێت ، لە بەردەم بینەردا ئەنجام دەدرێت ) [٧] ، ژان ژاک برنارد دەڵێت « شانۆ پێش هەموو شتێک هونەرە و هونەریش لە رێگەی دیالۆگەوە شتێک دەدۆزێتەوە کە شاراوەیە و پێویستی بەوە هەیە هەستی پێ بکرێت « ، هونەری شانۆ لە جیهاندا بە بەشێکی گرنگ لە هونەر دادەنرێت ، هونەریش باری کۆمەڵگە و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و شارستانیەت دەست نیشان دەکات و دەست وەردەداتە نێو گرفتە ئاڵۆزەکانەوە ، بۆیە لە گشت ساتەکان و لە هەموو رۆژگارەکاندا بوونی خۆی دەسەلمێنێت و دەوری ئیجابی خۆی دەگێڕێت [٨] ئەمڕۆ شانۆ بە یەکێک لە هەرە مەزنترین هونەرەکان دادەنرێت ، شانۆ قوتابخانەی هەموو گەلە ، مینبەرە بۆ راستی ووتن ، رابردوو و ئێستا و ئایندە بە یەکەوە دەبەستێتەوە ، دەنگی قارەمانی گەل و نەمری میللەتان دەردەبڕێـت و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی مەزنە ، لەم چەرخەدا یەکێکە لەو چەکانەی رووبەڕووی ئیمپریالزم و داگیرکەری کۆنەپەرستی بەکاردێت ، لە ئەمڕۆدا گرنگیەکی زۆری پێدراوە لە پایە و مەقامێکدا ناو نراوە ( کۆی هونەرەکان ) [٩] .

# تەوەری دووەم

## شانۆ لە گەرمیان :

لێرەدا کە باس لە رەوتی مێژووی شانۆ لە گەرمیان دەکەین مەبەستمان سەردێکی خێرایە لەسەر شانۆ لە ناوچە نزیکەکانی تەوەری سەرەکی لێکۆڵینەوەکە ( کەلار ) ، لێرەدا زۆر تر قسە لە شانۆ لە هەریەکە لە شارەکانی (کفری ، خانەقین و دەربەندیخان) دەکەین کە ئێستا کەلار بووەتە سەنتەر بۆ هەمویان ، بێگومان نزیکی ئەو شوێنانە کاریگەری تەواوی لەسەر شانۆ لە کەلار هەبووە بە تایبەت سەردەمێکی زۆر کەلار تەنها گوندێک بووە و سەر بە ناحیەی سەرقەڵای کفری بووە ، ئەمەیش وا دەکات هەر یەک لەو شارانەی کە ناومان هێنان کاریگەری تەواویان لەسەر کەلار لە رابردوو و ئێستادا هەبێت بۆیە لێرەدا ئاماژە بە رەوشی شانۆ لەو شوێنانە دەدەین .

کفری یەکێک لە شارە دێرینەکان ، شارێکی مێژووی لە کایەی رۆشنبیریدا جێگەی بایەخە بە تایبەت لە هونەری شانۆدا بەو پێیەی ئەم شارە هەر لە زووەوە خاوەنی قوتابخانە و مزگەوت و تەکیە بووە کە هەموو ئەمانە رۆڵیان لە کایەی رۆشنبیریدا هەیە ، وەک زۆر جیگەی تری کوردستان دەکرێت یاریە فۆلکلۆری و سرود و بەزم و قسە خۆشەکانی دێوەخانەکان بە سەرەتای درامای نەنوسراوی کوردی لە کفری دابنێین ، کردنەوەی ئاگری نەورۆز کە هەموو ساڵێک لە مانگی سێدا ئەم یادە کراوەتەوە و لەم یادەدا چەندین گۆرانی و هەڵپەڕکێ و رمبازی ئەسپ و یاری فۆلکۆری ئەنجامدراوە دەکرێت ئەمە بەسەرەتای کاری نواندن و نمایش بخرێتە روو ، لە کفری بۆیەکەمین جار لە ساڵی ۱۹۲۱ز ئاگری نەورۆز لەسەر دەستی شێخ محەمەد خاڵیی کوڕی شێخ رەزای تاڵەبانی – یەکەم قائیمقامی کفری کراوەتەوە [۱] ، لە ساڵی ١٩٤٦ دا نەورۆزێکی گەورە سازکرا لەسەر لوتکەی باوەشاسوار ئاگرێکی گەورە کرایەوە و لەو رۆژەدا ئاهەنگ گێڕدراو و ووتار خوێنرایەوە و سرود ووترا لەگەڵ شای و رمبازی کە هەریەکە لە ( ئەحمەد بابان ، شێخ عەتای تاڵەبانی و سابیری حاجی فەتحوڵلا ) رۆڵیان گێڕا [۲]، سەبارەت بە یەکەمین شانۆ کە زانیاری لەبارەیەوە نوسراوە و دیکۆمێنت لەم رووە هەیە ئەوا بۆ ناوەڕاستی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە لەسەر شانۆی ناوەندی کفری چەندین شانۆ نمایش کراوە ،لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٥ دا چەندین شانۆگەری لەو شارە

پێشکەش کراوە کەخەڵکێکی زۆر ئامادەی بوونە [٣]، ناوەندی کفری هۆڵێکی گەورەی تێدا بوو لەگەڵ شانۆ و پێداویستیەکانی لە زستانی ١٩٥٦ز قوتابیەکی عەرەب بە ناوی ( سەلمان ئەلجبوری ) لە بواری هونەری شانۆدا بەهرەدار بوو ، بەهاوکاری (کەمال خەلیل) ی خەڵکی کفری و چەند کەسێکی تر شانۆگەریەکی وەرگێڕاو لە ( هاملێت ) ی شکسپیریان لەسەر تەختەی شانۆی هۆڵەکە بەسەرکەوتووی پێشکەش کرد ، ژمارەیەکی زۆر تەماشاکار لە شار و دەرەوەی بۆ دیتنی ئەو شانۆگەریە هاتبوون [٤] .

لە کفری لە ساڵی ١٩٦٠ز شانۆگەری ( المتسول ) لە نوسین و دەرهێنانی ( کەمال خەلیل یەبری ) لەسەر شانۆی ئامادەی کفری نمایش کرا و لەسەر ئاستی قوتابخانەکانی ئەو کاتی کەرکوک خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنا ، لە ساڵی ١٩٧٢ز شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر ) بە سەرپەرشتی ( محەمەد حەمید تڵیشانی ) لە سەر شانۆی قوتابخانەی ئیمام محەمەد پێشکەش کراوە هەریەکە لە ( عەزیز شەریف و حاجی عەبدولقادر ) رۆڵی سەرەکیان تێدا گێڕاوە ، پاشتریش چەندین شانۆی کۆمیدی نمایش کراوە هەریەکە لە هونەرمەندان ( نازم دڵخۆش و هاشم رەشید ) رۆڵیان تێیدا هەبووە ، لە پاش راپەڕینی ١٩٩١ شانۆ لەم شارە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی لەسەردەستی ( محەمەد رزگاری ، محەمەد تەنیا ، وەهاب دڵخۆش ... ) ، لەم شارەدا یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و تیپی شانۆی روناکی لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە چەندین بەرهەمیان پێشکەش کردووە ، لە بەرهەمەکانی تیپی شانۆی روناکی ، شانۆی (هاوارێکی تاساو) لە نوسینی دیستۆفسکی و لە دەرهێنانی موکەڕەم تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٩٤ لە هۆڵی هونەرمەندانی کفری پێشکەش کراوە ، ئەمانە و چەندین بەرهەمی تری ئەم تیپە لەگەڵ بەرهەمی تری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان – لیژنەی کفری کە بەرهەمەکانیان لە شارەکە نمایش دەکرد لەگەڵ بەشداری پێکردنی بەرهەمە شانۆیەکانی کفری لە فیستیڤاڵی هونەری کەرکوک ، لەو بەرهەمانە ( سەعات چوار ، کابرایەکی گرفتار ، سەدای رۆحێکی سەرگەردان ، زریان ، ئەو لە بیرەوەریمدا نەمێنێ ... ) [٥] ، لە کفری لە ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری کراوەتەوە یەکێک لە بەشەکانی خوێندکار وەردەگرێت بەشی شانۆیە کە توانیویەتی سەرباری پێدانی بڕوانامەی دیبلۆم لەم هونەردا چەندین چالاکی هونەری بە تایبەت شانۆ پێشکەش بکات ، سەرباری ئەمە شانۆ لەم شارە بەردەوامە و چەندین شانۆگەری پێشکەش کراوە

لەوانە لە یادی ئەنفالدا بەردەوام بەرهەم نمایش کراوە کە گوزارشت بووە لە مەرگەساتە گەورەییە [٦] .

دەربەندیخان یەکێکی ترە لەو شارانەی گەرمیان کە خاوەنی مێژوویەکی گەشە، چیرۆکی دەست پیکردنی هونەر لەم شارە بە هێنانی سینەما دەست پێ دەکات لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا ئەو کاتەی کە کار لە دروست کردنی بەنداوی دەربەندیخان کراوە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر ئەو سینەمایە بۆ کرێکاران و ئەندازیارانی ئەو پرۆژەیە خراوەتە کار تێیدا چەندین دیمەنی فیلم نمایش کراوە ، لە ساڵی ١٩٥٩ لە دەربەندیخان یەکەم بەرهەمی شانۆ نمایش دەکرێت ئەویش شانۆی ( تاوانی دەرەبەگ ) لە نوسینی ( موعتەسەم رەشید ) و لە دەرهێنانی جەمال مەلا قادر ) ، ئەم شانۆیە بەرهەمی تیپی شانۆی ئاسۆی هەڵەبجە بووە و لەو شارە نمایش کراوە ، لە ١٩٧٠/١٢/٧ شانۆگەری ( کچی خۆمە و نایفرۆشم ) لە نوسینی ( جەمال سەعید ) و لە دەرهێنانی هونەرمەند ( عەبدولی حەمە جوان ) کە ئەو کات مامۆستا بووە لە گوندی کانی سارد نمایش کراوە ، پاشتر ئەم شانۆیە براوە لە خانەقین نمایش کراوە ، ئەو کەسانەی لەم شانۆیەدا بەشداربوون : ( عومەر حەمە ێاڵح ، مامۆستا غازی ، شەماڵ ێابر ... ) بەم شێوەیە دەردەکەوێت ئەمە یەکەم بەرهەمی شانۆ بووە لەو شارەدا ، لە ساڵی ١٩٧٢شانۆگەری ( مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان ) لە نوسین و دەرهێنانی ( جەلال فەقێ ئەحمەد ) و لە ساڵی ١٩٧٣ شانۆگەری ( دوانزەسوارەی مەریوان ) و لە ساڵی ١٩٧٦ شانۆگەری ( نەهێشتنی نەخوێندەواری ) نمایش کراون [٧] .

لەم شارەدا لە ساڵی ١٩٨٦ز بە رەسمی تیپی شانۆی دەربەندیخان دامەزراوە بە دەست پێشخەری هەر یەکە لە هونەرمەندان ( دڵشاد حسێن ، تاهیر حەسەن ، جەبار محەمەد ، تۆفیق عومەر ، حەمە رەوف ئەحمەد ، ساڵح ژاڵەناوی ، خەلیل حەمە عەلی ، کەریم عەلی قادر ) ، بۆ یەکەمین جار شانۆگەری ( پارەی دەرمان ) لە نوسینی یوسف عانی و دەرهێنانی ( دڵشاد حسێن ) لە هۆڵی مەڵبەندی لاوان نمایش کراوە ، پاشتر لە ساڵی ١٩٨٧ شانۆی (فایلی ٦٧ ) لە نوسینی ئیسماعیل موهەند و لە دەرهێنانی دڵشاد حسێن نمایش کراوە ، لە ساڵی ١٩٨٧ شانۆگەری خەج و سیامەند نمایش کراوە بۆ یەکەمین جار لەو شارەدا رەگەزی مێ دێتە سەر تەختەی شانۆ ئەویش کچێک دەبێت بە ناوی ( بەیان مەحمود) خەڵکی سلێمانی بووە و لەو شانۆیەدا رۆڵی خەج دەبینێت ، لە تشرینی

یەکەمی ١٩٨٩ شانۆی گرێ ،لە ئازاری ١٩٩٠ شانۆی چارەنوسی مرۆڤێک نمایش دەکرێت [٨] ، لە پاش راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ شانۆ لەم شارە گڕوتینی زیاتر بە خۆوە دەبینێ بە تایبەت دەربەندیخان دەکرێتە ناوەندی پارێزگای کەرکوک و پاش راپەرین فیستیڤاڵی هونەری کەرکوک بەخۆوە دەبینێ لە ساڵی ١٩٩٣، ئەمە سەرباری چەندین گروپی هونەری لەم شارەکەدا شانۆیان پێشکەش کردووە و لە شارەکانی تریشەوە چالاکی شانۆی دەهێنرێتە ئەم شارە ، لە ساڵی ١٩٩٣ تیپی شانۆی راپەڕین بناری بەمۆ لە دووەمین فیستیڤاڵی راپەڕینی دەربەندیخاندا شانۆگەری (گەشتەکەی تالە ) لە دەرهێنانی ( حسێن عەلی ) بە بەشداری چەندین ئەکتەر نمایش کردووە [٩] ، کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد – لقی دەربەندیخان چەندین بەرهەمی پێشکەش کردووە لەوانە شانۆی ( زەوی خودا ) لە دەرهێنانی نەریمان مەجید لە ئایاری ١٩٩٥ز ، شانۆگەری ( خەونەکانم ) نوسین و دەرهێنانی ( دڵشاد حسێن) لە نیسانی ١٩٩٦ [١٠] ، شانۆی ( حەسار ) لە دەرهێنانی ( دڵشاد حسێن ) لە نیسانی ١٩٩٧ [١١،١٢] ، بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری دەربەندیخان لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە دامەزراوە ئەمەیش پاش ئەوەی بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری گەرمیان لەم شارەوە گوێزرایەوە بۆ کەلار بەڕێوەبەرەکەی ( فاروق ێابیر محەمەد ) ـە ، ئەم بەڕێوەبەرێتیە چەندین چالاکی لە بواری شانۆدا ئەنجامداوە لەوانە سازدانی فیستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی نێودەوڵەتی دەربەندیخان ، نمایش کردنی ٢٢ شانۆ لەو شارە بە تایبەت سازدانی مەراسیمێک بۆ رۆژی جیهانی شانۆ لە ٢٠١٠/٣/٢٩ تێیدا چەندین چالاکی لەخۆ گرت لەگەڵ نمایش کردنی شانۆی ( کچی وەنەوشەیی ) چیرۆکی مهاباد قەرەداغی و داڕشتن و دەرهێنانی موفەق عارف لهۆنی [١٣] ، لەم شارەدا بەردەوام رەگەزی مێ بەشداری هەبووە یەک لەوانە (بەیان ئەحمەد عەزیز) لە ساڵی ١٩٨١ لە دایک بووە ، لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ یەکەمین جار هاتوەتە دنیای هونەرەوە لە شانۆی (دوای بیست ساڵ )، وەک ئەکتەر بەشداری چەندین شانۆی تری کردووە وەک شانۆی ( حەسار ، کورسی ، یاداشتەکانی عەرعەر و مۆنۆدرامای سەفەر ... ) لەگەڵ کاری دەرهێنانیش ، بەیان ئەحمەد توانی لە شانۆی مۆنۆدرامای سەفەر لە فیستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکانی دەربەندیخان لە ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨ خەڵاتی باشترین کچە ئەکتەر بەدەست بهێنێت لەگەڵ چەندین خەڵاتی تر ، مامۆستا بەیان لە پەیمانگای هونەرەجواەکانی کفری مامۆستایە لە بەشی شانۆ [١٤] .

خانەقین یەکێکی ترە لە شارەکانی دەڤەری گەرمیان و گەرمەسێر ئەمیش وەک شارەکانی تری گەرمیان خاڵی نیە لە شانۆ و لەو رووەوە خاوەنی مێژوویەکی پرشنگدارە ، سەرەتای کاری شانۆ لەم شارە دەتوانین بۆ نمایشە ئاینیەکان بیگەڕێنینەوە بۆ سەردەمانێکی کۆن ، بە هۆی ئەوەی ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی ئەم شارە شیعەمەزهەب بوونە و لە مەراسیمە ئاینیەکاندا بەتایبەت لە رۆژی عاشورادا چەندین نمایش و جوڵەی تایبەت بەو یادە لە لایەن شیعەمەزهەبەکانەوە پێشکەش کراوەبە تایبەت لە لاواندنەوەی شەهید ئیمام حسێن ( رەزای خوای لێبێت ) یان نمایشی جەنگی ( تفە ) ، ئەم بۆنە ئاینیە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا کەسایەتیەک بە ناوی ( پیرموراد ) رۆڵی سەرەکی هەبوو تێیدا بە تایبەت ووتنی سروتەکان بە زمانی کوردی کەڵهوڕی ، بەم شێوە دەتوانین ئەم نمایشە ئاینیە بە سەرەتای بزووتنەوەی شانۆ لەم شارە دابنێین . بەم شێوەیە سەرەتاکانی شانۆ لەم شارە گەشەدەکات تا ئەو کاتەی گروپێک لە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە دێن و چەندین نمایشی سەرەتای پێشکەش دەکەن بە تایبەت ئەمان زۆر تر کارەکانیان لە خزمەتی منداڵاندا بووە ، لە ساڵی ١٩٥٦دا لە گوندی شێرەوەنی سەر بە ناحیەی قورەتو لە خانەقی چالاکی هونەری پێشکەش کراوە [١٥] .

سەبارەت بە رەوتی شانۆ بەشێوەیەکی نوێ ئەوە بۆ پاش شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە ، لە ساڵی ١٩٥٩ لە دواناوەندی خانەقین شانۆگەریەکی ( یوسف عانی ) بە ناوی ( پارەی دەرمان ) پێشکەش کراوە لە لایەن خوێندکارانی ئەو قوتابخانەیەوە هونەرمەند ( جەعفەر حەسەن ) رۆڵی تێیدا هەبووە ، لە نەورۆزی ١٩٥٩ شانۆگەری ( کاوەی ئاسەنگەر ) لە لایەن دانیشتوانی گەڕەکی تۆڵەفرۆشەوە پێشکەش کراوە ، دەرکەوتنی شانۆی کوردی لە خانەقین بەشێوەیەکی تەواوەتی بۆ پاش بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ز دەگەڕێتەوە ، بۆ ئەمەیش لە رۆژنامەی ( الاتحاد ) لە ژمارە ( ٤٣١ ) لە ٢٠٠١/٧/٢٧ز چاوپێکەوتنێکی مامۆستا ئیبراهیم باجەڵان بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ هونەرمەندی ئەو دەمە ( ئیبراهیم مەحمود ) ناسراو بە ئیبراهیم عەرەب کە باس لەوە دەکات لە پاش بەیانی ١١ ی ئازار و خوێندن بە زمانی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥ شانۆ گەشەی کردووە بە تایبەت پاش دروست بوونی تیپی شانۆی ( تاڤگە )ی سەر بە لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەم بەرهەمی ئەم تیپە شانۆگەری ( میوانخانەی پاشاوات ) بووە عەباس عەبدولڕەزاق ( عەباسی ڤیدیۆ ) [١٦] ئامادەی کردبوو ، لەم تیپە شانۆیەدا هونەرمەندانی

وەک ( جەمال محەمەد سەعید زەنگەنە ، هادی غوڵام ، عەبدولحسێن مستەفا ، ئەدیب غەریب و قادر حسێن ) ڕۆڵیان هەبووە وە توانیویانە شانۆگەری ( پرسیاری ئاخر شەو ) لە مەندەلی پێشکەش بکەن ، لەم تیپەدا ژنان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەوانە : ( رەمزیە عەبدو ، سەلمە فەهد ) ، بەم شێوەیە دەردەکەوێت شانۆکارانی ئەم شارە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە تەنانەت بەشدار بوونە لە میهرەجانی یەکەمی کوردی لە بەغدا ، هەر لە خانەقین لەو ماوە مێژوویەدا چەندین شانۆگەری وەک ( مەزادخانەی مێژوو ، پیاو بەکردەوەیە ) لە لایەن هونەرمەند ( هادی حەسەن ) ەوە دەرهێنانی بۆ کراوە و پێشکەش کراوە [١٧] ، لە ساڵی ١٩٧٠ز ئەم تیپە ئۆپەرێتی ( خەڵک و خەرمان )ی پێشکەش کردووە لە نوسین و دەرهێنانی ( عەلی مەلا کەریم ) ، تیپی شانۆی تاڤگە لە ساڵی ١٩٧٢ شانۆگەری ( لایە بۆ دایکی ) پێشکەش کردووە کە هونەرمەند ( ئیسماعیل وەندی ) تێیدا بەشدار بووە [١٨] ، شانۆ لەم شارە درێژەی هەیە بە تایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و کردنەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی خانەقین و سازدانی چەندین فیستیڤاڵی هونەری بە تایبەت شانۆ ، لە ١٢-٢٠٠٤/١٢/١٤ لە شاری خانەقین لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری – بەڕێوەبەرێتی ڕۆشتبیری گەرمیان بەهاوکاری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ( یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری گەرمیان ) سازکرا تێیدا چەندین شانۆ لە شارەکانی گەرمیان لەو شارە نمایش کرا لە لایەن یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان / لیژنەی خانەقینەوە شانۆی ( یەک چشتێکە ) لە نوسینی:کازم حاجی ، دەرهێنانی :خەلیل باوەخانەوە پێشکەش کرا کە خەڵاتی هاندان و پشتگیری فیستیڤاڵ درایە تیپی شانۆی خانەقین ، [١٩] لە ٢٠٠٨/٣/١ دا شانۆگەری (شۆڕش ) لە نوسین و دەرهێنانی محەمەد قەرەداغی لە لقی خانەقینی پارتی دیموکرات پێشکەش کرا ، لە ڕۆژی جیهانی منداڵاندا ئەنجومەنی پارێزگای گەرمیانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ٢٠٠٨/٦/١ شانۆگەری ( دیماگۆجی ) ی پێشکەش کرد بە سەرپەرشتی هەردوو هونەرەمەند ( رزگار مەحمود ، بێریڤان جەبار ) ، تیپی شانۆی کۆردەرە یەکێکە لە تیپە شانۆیەکانی ئەم شارە کە بەرهەمی شانۆی پێشکەش کردووە لەوانە شانۆگەریەک لەسەر توندوتیژی دژی ژنان لە ساڵی ٢٠١٢ [٢٠]، سەرباری شانۆگەری منداڵان لە لایەن خانەقی ڕۆشنبری منداڵان و سەنتەری چالاکی گەنجانەوە کە چالاکی هونەری پێشکەش دەکەن بە تایبەت بە گەنجان و لاوان ، بیریشمان نەچێت ئەم شارە خاوەنی هونەرمەندی گەورە (ناسر حەسەن ) ە .

# بەشی یەکەم

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی تەوەری یەکەم :

**(١)** ئەحمەد سالار ، دەروازەی دراما ، ، چ٢ ، چاپخانەی چوار چرا ، ( هەولێر: ٢٠٠٧ ) ، ل ٧ .

**(٢)** داستان بەرزان ، کتێبی شانۆ ، چ١ ، بڵاوکراوەکانی دەزگای جەمال عیرفان ، ( سلێمانی : ٢٠١٤ ) ، ل ٨ .

**(٣)** سەبارەت بەم شانۆیە و ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ ئەو کەسانەی رۆڵیان تێدا بینیوە مامۆستا یاسین قادر بەرزنجی بە درێژی لێی دواوە ، ئەو کەسانەی لەم شانۆیەدا رۆڵیان گێڕاوە بریتین لە ( فواد رەشید بەکر ، عەبدولواحید نوری ، جەمال مەجید سالم ، سالح عەلی و ئەحمەد عەزیز تەییار ) ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : یاسین قادر بەرزنجی ، شانۆی کوردی ، چ٢ ، چاپخانەی تیشک ( لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ ) ، ( سلێمانی : ٢٠٠٧ ) ، ل ١١- ١٤ .

**(٤)** ژیلیوان تاهیر ، ئاراستەکانی دەرهێنان لە نمایشی شانۆی کوردیدا ، رامان ( گۆڤار ) ، ژمارە (١٩١) ، هەولێر ،نیسانی ٢٠١٣ ، ل ٧٣.

**(٥)** جەمال عەبدول ، فەرهەنگی راگەیاندن ، چ١ ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ( سلێمانی : ٢٠٠٦ ) ، ل ٢٠٤ و ٢٠٥ .

**(٦)** هەژار ، هەنبانە بۆرینە ، چاپ سوم ، مرکز پخش سروش ، ( تهران : ١٣٨١ ) ، ل ٤٦٦ .

**(٧)** کاردۆ ، فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی ، چ١ ، چاپخانەی ئاراپخا ( لە بڵاوکراوەکانی تیپی شانۆی ئاشتی ) ، ( کەرکوک : ٢٠٠٦ ) ، ل ٦١ .

**(٨)** رەمەزان ئیبراهیم ، رەوتی شانۆی کوردی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا ، رامان ( گۆڤار ) ، ژمارە ( ١٤٤ ) ، هەولێر ، مایسی ٢٠٠٩ ، ل ١٣٧ .

**(٩)** یاسین قادر بەرزنجی ، س .پ ، ل ١٢٨ .

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی تەوەری دووەم :

**(١)** صلاح الدین عبدالمجید عبدالله ، شاری کفری لە تەرازووی رەسەنایەتی و شارستانییەتدا ، چ١ ، چاپخانەی رەهەند ، ( سلێمانی : ٢٠٠٩ ) ، ل ١٤٩ .

**(٢)** مصطفی نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، دەزگای رۆشنبری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، ( بەغدا : ١٩٩٤ ) ، ل ١١٠ .

**(٣)** چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی ( وەزیری خانەنشین ) ، سەعداوا ، ٢٠١٤/٢/٨ .

**(٤)** محەمەد شاکەلی ، قەزای کفری .. شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی ١٩٦١ – ١٩٧٥ ، چاپخانەی کارۆ ( لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رۆناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک ، ( کەرکوک :٢٠١٢ ) ، ل ٦٤ و ٦٥ .

**(٥)** صلاح الدین عبدالمجید عبدالله ، س .پ ، ل ١٣٠- ١٣٢ .

**(٦)** سەباح عەلی جاف ، بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری ، ژیانەوە (هەفتەنامە ) ، ژمارە ( ٢٢٠) ، سلێمانی ، ٢٠٠٦/٣/٥ ، ل ١ ، پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری – بەشی شانۆ چەندین بەرهەمیان پێشکەش کردووە لەوانە : شانۆی ( سورترین خوێن ) لە نوسینی : خۆزبەتریانا ، ئامادەکرن و دەرهێنانی : بەیان ئەحمەد عەزیز ، لە هۆڵی هونەرمەندانی کفری لە ٢٠٠٥/٢/٢٣ ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : دەلیلی شانۆی سورترین خوێن . بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکان شانۆی ( گەمەی مێژوو ) لە نوسین و دەرهێنانی ( محەمەد تەنیا ) لە هۆڵی هونەرمەندانی کفری نمایش کرد ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عەباس ، لە کفری شانۆی گەمەی مێژوو نمایش دەکرێت ، خوێندنی نوێ (مانگنامە) ، ژمارە (٢) ، کەلار ، کانونی دووەمی ٢٠٠٦ ، ل ٢ . لە ساڵیادی ئەنفالدا ٢٠٠٧/٤/١٤ یەکێتی ژنان و رێکخراوی ئازادی لاوان لە کفری بە هاوبەشی شانۆگەری ( مەرگی گوڵ ) یان پێشکەش کرد ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : رۆژنامەی شێخ لەنگەر (مانگنامە) ، ژمارە (١٠) ، کەلار ، نیسانی ٢٠٠٧ ، دولاپەڕە . پەیمانگای هونرەجوانەکان چەندین چالاکی لەدەرەوەی کفری نمایش کردووە لەوانە لە رۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٦ بەشی شانۆ ، شانۆگەری ( بۆ فرۆشتن بۆ فرۆشتن ) لە نوسین و دەرهێنانی ( بەشار علێوی ) لە هۆڵی شەهید جەعفەر لە کۆیە نمایش کرد کە هەریەکە لە ( بەشار علێوی ، محەمەد تەنیا و بەیان ساڵح ) رۆڵیان تێدا بینیوە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : دیار جەمال ، شانۆی

بۆفرۆشتن بۆ فرۆشتن نمایش کرا ، ئایندەی گەرمیان ( مانگنامە ) ژمارە ( ٤٦) ، کەلار ، ئازاری ٢٠٠٩ ، ل ٦ . بەشی شانۆ لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان شانۆی ( زەوی خودا ) لە نوسینی شکور خلخال و لە دەرهێنانی شوان جەلال لە نیسانی ٢٠١١ نمایش کرد ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری شانۆگەری ( زەوی خودا ) نمایش کرا ، گەرمیانی ئەمڕۆ (مانگنامە) ، ژمارە (٥٤) ، کەلار ، نیسانی ٢٠١١ ، ل ٢ . لە ٢٠١٣/٣/١٠ لە کفری شانۆگەری ( بەقاڵەکە ) بیرۆکە و دەرهێنانی شوان جەلال نمایش کرا ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دەلیلی شانۆی ( بەقاڵەکە) . پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری – بەشی شانۆ یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆلە رۆژی جیهانی شانۆدا لە ٢٧-٢٠١٣/٣/٢٨ لە هۆڵی رۆشنبیری کفری بە چەندین نمایش ساز کرد ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : دەلیلی یەکەم فیستیڤاڵی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری . لە رۆژی جیهانی شانۆدا لە ٢٠١٥/٩/٢٩ شانۆی جەنگی ژنێک لە نوسینی داریۆفۆن ، لە دەرهێنانی ( بەرێز محەمەد ) لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری نمایش کرد ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دەلیلی شانۆی جەنگی ژنێک . چالاکی گروپی رەنگەکان لە کفری شانۆگەری ( رەنگەکان ) لە نوسین و دەرهێنانی  محەمەد هیجران ) لە ٢٠١٦/٣/٢٧ نمایش کرد ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : دەلیلی شانۆی ( رەنگەکان ) . لە کفری جگە لە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکان چەندین گروپی تری شانۆی کار دەکەن لەوانە ( تیپی شانۆی کفری ، گروپی شانۆی کفری ) لە بەشی مۆڵەتی پیشەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە لە ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ .

**(٧)** یاسین رەسوڵ عوسمان ، مێژووی دەربەندیخان ، چاپەمەنی و کۆمپیوتەری نیگا ، (دەربەندیخان : ٢٠٠٤ ) ، ل ٥٦-٥٨ .

**(٨)** یاسین رەسوڵ عوسمان ، هـ . س ، ل ٥٨-٦٠ ، دڵشاد حسێن لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٩ز ، لە ساڵی ١٩٨٩ بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە ، تائێستایش لە کاری هونەری لە بواری شانۆ و سینەماو نوسیندا بەردەوامە ، لە ١٩٨٦/١/١ تیپی شانۆی دەربەندیخانی لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەندی تر دامەزراندووە ( یەکەم تیپی شانۆی ئەکادیمی لەو شارە ) ، ئەم تیپە تا ساڵی ١٩٩١ بەو ناوەوە بەرهەمی پێشکەش کردووە و پاشتر تیپەکە کراوەتە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد – لقی دەربەندیخان کە تا کاتی راپەڕین ئەم تیپە پێنج بەرهەمی شانۆی پێشکەش

کردووه ، پاشتر له ساڵی ١٩٩١-١٩٩٧ هەشت شانۆگەری تری پێشکەش کردووه ، له ساڵی ١٩٩٤ به شانۆگەری ( کەلاوەی نان ) توانیان باشترین خەڵاتی کوردستان وەربگرن ، چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند دڵشاد حسێن ( دامەزرێنەری یەکەم تیپی شانۆی ئەکادیمی ) ، دەربەندیخان ، ٢٠١٦/٣/١٨ .

**(٩)** دەلیلی شانۆی گەشتەکەی تاله ، نوسینی : پیتەرڤایس ، وەرگێڕانی : شیرین .ک ، دەرهێنانی حسێن عەلی ، بەهاری ١٩٩٣ .

**(١٠)**دەلیلی شانۆی خەونەکانم ، نوسین و دەرهێنانی : دڵشاد حسێن ، نیسانی ١٩٩٦ .

**(١١)**دەلیلی شانۆی حەسار ، نوسینی : شێرزاد حەسەن ، ئامادەکردن و دەرهێنانی : دڵشاد حسێن ، نیسانی ١٩٩٧ .

**(١٢)**دەلیلی شانۆی زەوی خودا ، نوسینی : شوکر خەلخال ، وەرگێڕانی : عیسا چیایی ، دەرهێنانی : نەریمان مەجید ، ئایاری ١٩٩٩.

**(١٣)** بۆ زانیاری سەبارەت به کاروچالاکیەکانی بەڕیوەبەرایەتی رۆشنبیری دەربەندیخان به تایبەت کاره شانۆیەکان بڕوانه : حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ، بەڕیوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی ، کاروچالاکیەکانی بەڕیوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی و سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکان له ساڵی ٢٠١٠ ، ل ٨٢ – ١١٧ ، له رۆژی ٢٠٠٥/٤/١٤ له ساڵیادی ئەنفالدا نمایشی ( پانۆڕامای ئەنفال ) له ئامادەکردن و دەرهێنانی ( حەسەن محەمەد ) بەبەشداری نزیکەی ١٥٠ بەشدار بوو که زۆربەی خوێندکار بوو بەڕێوەچوو ، له ٢٠٠٥/٤/٢٨ له هۆڵی رۆشنبیری دەربەندیخان، بەشی شانۆی سەنتەری گەنجان شانۆگەری (مردنێک ساردتر له زستان) ی نمایش کرد ، ئەم شانۆیه له نوسینی ( هێمن مەحمود ) و له ئامادەکردن و دەرهێنانی (پێشڕەو حەمید ) ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه : پەیامی خوێندکار ( بڵاوکراوه) ، ژماره (٢)، کەلار ، ئایاری ٢٠٠٥ ، ل ١و ٢ . بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری دەربەندیخان شانۆگەری (بێ ناسنامەکان ) له دەرهێنانی ( حەسەن حەمه ساڵح ) له رۆژی ٢٠١٦/٣/١٣ له هۆڵی رۆشنبیری دەربەندیخان نمایش کردووه و دواتر هێنراوەته کەلاریش .

**(١٤)** ئاکۆ سەلام ، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان ئەحمەدی شانۆکار ، زەنگ ( هەفتەنامه ) ، ژماره (١٣) ، کفری ، ٢٠٠٦/٤/٢٠ ، دوالاپەڕه .

**(١٥)** چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم باجەلان ، مێژوونوس ، خانەقین ، ٢٠١٦/٣/١٥.

**(١٦)** عەباس عەبدولڕەزاق : لە ساڵی ١٩٤٩ لە دایک بووە ، دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی سلێمانی ، خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی وێنە و ڤیدیۆیی سەردەمی شاخە ، نوسەری چەندین سیناریۆی درامای تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆییە ، بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بوە لە ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٢ ، بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان بووە تا ساڵی ٢٠١٥ و ئێستا خانەنشینە ، خاوەنی بیرۆکەی فیستیڤاڵی شانۆی شەقامی نێودەوڵەتیە لە دەربەندیخان ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی ، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری دەربەندیخان ، دەلیلی چوارەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە دەربەندیخان ،٢٠١٣ ، ل ٥ .

**(١٧)** چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم باجەلان ، مێژوونوس ، خانەقین ، ٢٠١٦/٣/١٥ ، لە خانەقین سینەما مێژوویەکی دێرینی هەیە و خەڵکی ئەم شارە ئاشنایەتیان لەگەڵ سینەما و هونەر هەبووە ، ئاشنابوونی خەڵکی ئەم شارە لەگەڵ سینەما بۆ هاتنی سوپای بەریتانیا لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە کە دروست کردنی سینەما لە لایەن پیاوێکی جولەکە بووە لە گەڕەکی پاشا کۆپری کە ئەم سینەمایە ڕۆژانە جگە لە ڕۆژی هەینی بۆ سەربازانی بەریتانی کاری دەکرد ، ڕۆژانی هەینیش بۆ خەڵکی شار ، سینەما (مەلیک فەیسەڵ ) ئێستا ناوی سینەما ( نێر ) ە لە ساڵی ١٩٤٤ز لە لایەن عەبدولحسێن نەجەفی و کۆمەڵێک کرێکاری ئێرانیەوە دروست کراوە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : حسێن ئەحمەد حەبیب ، کردنەوەی سینەما لە خانەقی دا ، ورێزا ( گۆڤار ) ، ژمارە ( ٤) ، خانەقین ، بەهاری ٢٠٠٧ ، ل ١٧ .

**(١٨)** ئارام محەمەد ، هونەرمەند ئیسماعیل محەمەد کاکە عەبدوڵا لە دیدارێکدا ، ورێزا ( گۆڤار ) ، ژمارە (١) ، خانەقین ، بەهاری ٢٠٠٦ ، ل ٥٩ .

**(١٩)** سەباح عەلی جاف ، یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری گەرمیان بەڕێوەچوو ، ژیانەوە (هەفتەنامە) ، ژمارە ( ١٦٦) ، سلێمانی ، ٢٠٠٥/١/٢ ، ل ٢ . لە ساڵیادی ئەنفالدا لە ٢٠٠٦/٤/١٣ نمایشی ( ئەو گوڵە غەریبەی لە دەشتی عەرعەردا ڕوا ) ی شاکاری گۆڕستانی چراکانی شێرکۆ بێکەس لە ناوجەرگەی شاری خانەقیندا بەبەشداری چەندین ناوەندی هونەری خانەقین و کەلار و کفری بەڕێوەچوو ، ئەم نمایشە هونەرییە بە سەرپەرشتی ( پشکۆ محەمەد ڕۆستەم ) بوو ، هاوکات لە ساڵیادی ئەنفالدا لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/١٣ لە

هۆڵی ئامادەی کچانی خانەقین ، شانۆگەری ( لە گەرمیان باوکەکان ... خەون نابینین) لە نوسین و دەرهێنانی بەشار علێوی بە بەشداری ١٨ شانۆکاری گەنج نمایش کرا ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : خانەقی کۆستی ئەنفال لە ئامێز دەگرێت ، خانەقی ( مانگنامە)، ژمارە (٢٣) ، خانەقین ، نیسانی ٢٠٠٦ ، ل ١ و ٢ . لە کۆلێژی ئادابی خانەقین لە رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٥ لە سالڕۆژی ئەنفالدا شانۆی ( ئەنفال ) نمایش کرا ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : خوێندکارانی کۆلێژی ئادابی خانەقین یادی ٢١ساڵەی ئەنفالیان کردووە ، ئاداب (مانگنامە) ، ژمارە (٣)، خانەقین ، ئایاری ٢٠٠٩ ، دوالاپەڕە .

**(٢٠)** چالاکیەکان ، سیروان (گۆڤار) ، ژمارە (٢) ، خانەقین ، بەهاری ٢٠٠٨ ، ل ٧٥، چالاکیەکان ، سیروان (گۆڤار) ، ژمارە ( ٣) ، خانەقین ، هاوینی ٢٠٠٨ ، ل ٧٧ .

# بەشی دووەم
# ڕەوتی شانۆ لە کەلار
## تەوەری یەکەم : سەرەتاکانی شانۆ لە کەلار
## تەوەری دووەم : یەکەمین تیپی شانۆی ئەکادیمی لە کەلار
## تەوەری سێیەم : ڕەوتی شانۆ لە پاش ڕاپەڕین

# بەشی دووەم
# تەوەری یەکەم

## سەرەتاکانی شانۆ لە کەلار :

کەلار یەکێک لە شارە گرنگەکانی گەرمیان و کوردستانی باشور ، لە رووی مێژوو و شوێنەوارەوە بۆخۆی خاوەنی رابردوویەکی گەشە بەو پێیەی چەندین شوێنەوار و سەرچاوەی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە کە گەواهی بۆ دیرۆکی ئەم شارە دەدەن هەندێکیان مێژووەکەیان بۆ پێش زاین دەگەڕێتەوە و هەندێکی تریان بۆ سەردەمی ساسانی و هاتنی ئیسلام و پاشتر ، لە مێژووی نوێ و هاوچەرخیشدا کەلار بە پێی سەرچاوەکان ئاوەدان کردنەوەی بۆ سەدەی ١٨ دەگەڕێتەوە و لێرە بەدواوە وورده وورده گەشەی کردووە بە تایبەت دوای ئەوەی بەگزادەی جاف توانیان گەشە بە گوندی ( کەلاری کۆن ) بدەن کە ئێستا گەڕەکێکی گەورەی شارەکەیە ، لە ساڵی ١٩٣١ یەکەم قوتابخانە لە کەلار دەکرێتەوە ئەمەیش دەبێتە هۆی زیاتر گەشانەوەی لایەنی رووناکبیری کەلار بە جۆرێک ئەم قوتابخانەیە چەندان منداڵی پێگەیاندووە و لە بواری روناکبیری و راگەیاندندا رۆڵییان هەبووە .

بە مەرسومی کۆماری کەلار لە ١٩٧٠/٢/٢٨ دەبێتە قەزا زیاتر گەشە دەکات، ئەمەیش کاریگەری لەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکان هەبووە بە تایبەت کایەی مەعریفی[١] ئێستا ئەم شارە بووتە ناوەندی ئیدارەی ( گەرمیان ) حکومەتی هەرێم مامەڵەی پاریزگای لەگەڵ دەکات ، مێژووی شانۆ لەم شارە وەک ووتمان تا حەفتاکانی سەدەی رابردوو گوندێکی گەورە و گەشە کردوو بووە تا رادیەک روون نیە بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نیە شانۆ بە مانا سەرەتایەکەی و دەرکەوتنی بۆ قوتابخانە دەگەڕێتەوە لەگەڵ کردنەوەی یەکەم قوتابخانە لە کەلار لە ساڵی ١٩٣١ هونەر دەرگای بەڕوودا دەکرێتەوە ، بەڵگەیش بۆ ئەمە بە پێی کۆنترین تۆماری گشتی ( قید عام ) ی ژمارە یەک لە قوتابخانەی کەلار لە لیستی ئەو دەرسانەی قوتابیان خوێندویانە هەریەکە لەوانەکانی ( وێنە ، سرود ) لەگەڵ وانە سەرەکیەکانی تر بەرچاو دەکەوێت کە نمرەیشی لەسەر بووە و مامۆستای ئەو دەمە ئەم وانانەیان بە قوتابیان داوەتەوە [٢]، نمایش و جوڵەی سەرەتای شانۆ لە کەلار بە هێواشی گەشە دەکات بەشێوەیەک لە ساڵی ١٩٤٥ بە بەشداری مامۆستایان و قوتابیانی

ئەو دەمی کەلار بۆ یەکەمین جار ئاهەنگی نەورۆز لە کەلار ساز دەکرێت و ئاگری نەورۆز کراوەتەوە و قوتابیان سرودی نەورۆزیان ووتوەتەوە [٣] ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٤ز مەلیک فەیسەڵی یەکەم سەردانی گەرمیان دەکات و بە لای کەلاردا تێپەڕ دەبێت بۆ ئەم مەبەستە خەڵکی کەلار بۆ پێشوازی لە مەلیک خۆیان ئامادە کردووە ، خۆ ئامادەکردنی مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەی کەلار بە تایبەت تیپی کەشافە کە بۆ ئەو رۆژە و بەخێرهێنانی مەلیک چالاکیەکیان ساز کردووە خۆی لە نمایش و پێشکەش کردنی گوڵ و ووتنی سرودا دەبینێتەوە ، شێخ محەمەد شاکەلی بە درێژی ئەو هاتنەی مەلیکی بۆ تۆمار کردوین باس لەوە دەکات لەگەڵ گەیشتنی مەلیک بۆ لای ئەمان « بە فەرمانی بەڕێوەبەری قوتابخانە بە دەم ئاوازی تەپڵ و زیل سرودێکی عەرەبیمان چڕی ئینجا مەراسیمی بەخێرهێنان و گوڵ پێشکەش کردن و تەوقە و سڵاو دەستی پێ کرد ...» [٤] .

ئاهەنگەکانی نەورۆز دەرفەتی زیاتری رەخساندووە بۆ شانۆگەری و نمایشی سەرەتای لە کەلار بەشێوەیەک لە ١٩٥٧ /٣/٢٠ لە شارەدێی کەلاری کۆن لە بەردەم ماڵی مستەفا بەگی جافدا ئاهەنگێکی گەورەی نەورۆز ساز کراوە بە بەشداری دانیشتوانی ئەو دەمەی کەلار و دەوربەر جگە لە کردنەوەی ئاگری نەورۆز و ووتنی سرود و گۆرانی کوردی بە تایبەت ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە ،هەڵپەڕکێی ژن و پیاوان پێکەوە شانۆگەری (کاوە و زوحاک ) یش نمایش کراوە ئەمە دەری دەخات لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە لە کەلار شانۆگەری و نمایش بەشێوەیەکی میللی بوونی هەبووە [٥] ، ئەم دۆخەی شانۆ لە کەلاری گوند بەردەوام بووە تا پاش بە قەزابوونی کەلار لە ساڵی ١٩٧٠ فراوان بوونی ئەم شارە لە زۆر بواردا بە تایبەت زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی لەشارەدا ، لە حەفتاکان بەدواوە بزووتنەوەی شانۆ زیاتر کەوتە جوڵە و گروپێک پێک هات لەسەر بنەمای شانۆی میللی ، بە تایبەت پاش ئەوەی دۆخی کورد لە پاش شۆڕشی ئەیلول باشتر بوو وە چالاکیە ئەدەبی و هونەریەکان زۆر تربوون بە تایبەت چالاکی قوتابخانە بە هاوکاری یەکێتی قوتابیان لە شاری کەلار گروپێک پێک هات کە چالاکیی رۆشنبیریان ئەنجام دەدا بە تایبەت شانۆ ، ئەو قوتابیانە بریتی بوون لە [ محەمەد پەژار (١٩٥٤-١٩٩١) ، عەدنانی حەمەی مینا ، شێرکۆ محەمەد رۆستەم ، عەبدوڵڵا حەسەن ، حەسەن عەلی سەلیم ، حسێن عەلی سەلیم ، لەتیف عەلی

قادر (١٩٤٧-٢٠١٣) ... ] ، ئەم گروپە لە بۆنەکاندا وەک نەورۆز چالاکیەکانیان بە تایبەت شانۆیان نمایش دەکرد زۆر جار شانۆی ( کاوەی ئاسنگەر ) ئامادە و پێشکەش دەکرا لە نزیک قوتابخانەی کەلاری سەرەتای ، لەو چالاکیانەدا خەڵکی بە جل و بەرگی رەنگاو رەنگی کوردیەوە ئامادە دەبوون ، تەختەی شانۆ لە خشتی قوڕ یان تەختە دروست دەکرا و کورسی بە چوار دەوریدا دادەنرا خەڵکی جگە لە کەلار لە دەوربەریشەوە دەهاتن بۆ ئاهەنگەکان [٦] ، محەمەد پەژار [٧] لە حەفتاکاندا رۆڵی لە کارە هونەری و شانۆیەکاندا هەبووە و ناو بەناو لە بواری هونەردا کاری کردووە بە تایبەت لە قۆناغی ناوەندی چالاکی لەبواری شانۆدا هەبووە ، رۆڵی هەبووە لە شانۆگەریەکی کۆمیدی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج لە ساڵی ١٩٧٧ لە کەلار [٨] ، بەم شێوەیە کاری شانۆ و نمایش بە شێوەیەکی میللی و سەرەتای بەردەوام بووە ، لە ساڵی ١٩٧٨ چەند شانۆگەرییەکی کۆمەڵایەتی و کۆمیدی پێشکەش کراوە لەوانە شانۆگەری ( کاوە و زوحاک ، نەخۆش و دکتۆر ) کە زۆر تر لە لایەن خوێندکارانەوە لە ناوەندی کەلار (نزیک بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار ) پێشکەش کراوە ، لە هەشتاکانیش پێش دروست بوونی یەکەم تیپی ئەکادیمی شانۆ و دراما لە کەلار چالاکی هونەری بە تایبەت شانۆ پێشکەش کراوە بە تایبەت لە قوتابخانەکان لە ئازاری ١٩٨٢ز شانۆی کۆمیدی (دکتۆر ) لە ئامادەکردنی : عوسمان عەبدولقادر و محەمەد حەلاق لەلایەن خوێندکاران [عوسمان عەبدولقادر،محەمەد حەلاق ،ئەحمەد قادر (چیا) ،جەمیل محەمەد ئیبراهیم ،دڵشاد محەمەد رەوف (١٩٦٧-١٩٩٧) ، عادل محەمەد ، مەجید ساڵح ، ئەمین ساڵح ( ١٩٧٠-٢٠١٥) و ئیسماعیل حاجی عەباس ] لە هۆڵی دواناوەندی کەلار ( هۆڵی هونەرمەندانی پێشوو ) پێشکەش کراوە ، لە ساڵی ١٩٨٤ شانۆگەری ( قوتابخانەی گێرەشێوێنەکان ) لە لایەن هەریەکە لە ( مەجید ساڵح ، عادل عەزیز خەنان و دڵشاد محەمەد رەوف ) پێشکەش کراوە ، ئەم جۆرەی شانۆ بەردەوام بووە لە ساڵی پاشتردا تا کاتی دروست بوونی یەکەم تیپی شانۆی ئەکادیمی لە کەلار [٩] ، کامەران فایەق لە ساڵی ١٩٨٤ کاری دەرهێنانی بۆ شانۆی ( قوتابخانەی گێرە شێوێنەکان ) کردووە و لە ساڵی ١٩٨٥ لە شانۆگەری ( ئەحەی لاسار ) دا بەشدار بووە کە مامۆستا عوسمان عەبدولقادر ئامادەی کردووە و دەری هێناوە [١٠] .

# تەوەرەی دووەم

## یەکەمین تیپی شانۆی ئەکادیمی لە کەلار :

ساڵی هەشتاکان بە ساڵی چوونی ژمارەیەک خوێندکاری کەلار دادەنرێت بۆ پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە بواری مێژووی هونەریدا لەوانە هونەرمەندان (سەربەست ئەحمەد، کەریم حسێن) لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ و محەمەد حەسەن لە ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ چونەتە (پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی) [١] بەشی شانۆ بۆ وەرگرتنی پسپۆڕی لە بواری هونەری شانۆدا، ئەم قوتابیانە لە کاتی خوێندن لە پەیمانگادا وەک کاری ئەزموونی بەشداری لە چەندین شانۆدا بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەکەن لەوانە سەربەست ئەحمەد لە شانۆیەکدا لە ساڵی ١٩٨٣ رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دەرهێنانی (محەمەد عەزیز)[٢] کەریم حسێن وەک ئەکتەر لە شانۆی (یولیوس سیزەر) لە دەرهێنانی مامۆستا بەدیعە دارتاش [٣] و محەمەد حەسەن لە ساڵی ١٩٨٤ بەشدار بووە لە شانۆی ( بەسەر شۆستەی نەویستندا ) [٤]، بەم شێوەیە دەردەکەوێت لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ئەم پەیمانگایە بە رووی هونەرمەنداندا کەلاریەکان دەبنە وەجبە سەرەتایەکانی هەوڵ دان بۆ گەشەدان بە توانا هونەریەکانیان لە رووی زانستیەوە ، ئەو دەمە کە ئەو خوێندکارانە روویان لە پەیمانگا کرد کاری هونەری تا رادەیەک لای خەڵکی نامۆ بوو بە تایبەت لە کەلاردا بۆیە ئەو کەسانە لەم رێگەیەدا توشی دەردەسەری و تانە و تەشەر بوونەتەوە بەڵام ئەمانە رێگر نەبوونە هەر بۆیە توانیویانە پەیمانگا تەواو بکەن بەسەرکەوتووی و لە چەندین کاری شانۆی تردا بەشداربن لەوانە سەربەست ئەحمەد بەشداری ئەم بەرهەمە شانۆیانەی کردووە ( مانگ هەڵهاتن ، مرۆڤی بۆش ، هیرۆشیما ... ) کەریم حسێنیش بەشدار بووە لەم شانۆیانەدا ( ئەو رۆڵانەی ناگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان ، دەریا ، گەر فەلەستینی بویتایە چیت ئەکرد ... ) و محەمەد حەسەنیش لە شانۆی ( سێوی ژیان) دا وەک دوا ئەزمونی پەیمانگا بەشدار بووە .

لە پاش تەواو کردنی پەیمانگا ئەم گروپە قوتابیە بە ئەزمونەی سەرەتای هەشتاکان و هونەرمەندی ئەکادیمی پەیمانگای ناوەڕاستی هەشتاکان دەگەڕێنەوە بۆ کەلار بە تایبەت هونەرمەند سەربەست ئەحمەد لە ساڵی ١٩٨٥ بیر لەوە دەکاتەوە تیپێکی شانۆی ئەکادیمی لە کەلار دامەزرێنێت بۆ ئەوەی لێرەوە کاروانی شانۆ لەم شارە بە شێوەیەکی

زانستی درێژەی هەبێت بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆبوونەوە لە کەشێکی هونەریدا بەڕێوە دەچێت بۆ دامەزراندنی یەکەم تیپی هونەری ئەکادیمی لەشارەکە لەسەر دەستی سەربەست ئەحمەد [٥] ، ئەم هونەرمەندە لەگەڵ کەسانی تر بیروڕای ئاڵوگۆڕ کردووە لەسەر دامەزراندنی تیپێکی هونەری چونکە ئەو کاتە لە زۆرێک لەشارەکانی تر تیپی هونەری و کاری هونەری ئەنجام دراوە بۆیە سەربەست ئەحمەد ئەم بیرۆکەی لایی مستەفا سەعید گەلاڵە کردووە و ئەوانیش سەردانی کاربەدەستانی (منەزەمە ) ئەو دەمەی کەلاریان کردووە دوای چەند دانیشتێک نەگەیشتونەتە ئەنجام ، لە هاوینی ساڵی ١٩٨٦ سەربەست ئەحمەد مۆڵەتی تیپێکی هونەری لە وەزارەتی رۆشنبیری وەردەگرێت و بۆ وەرگرتنی مۆڵەتەکەیش پێنج کەسی دەرچووی پەیمانگا داواکاریان کردووە ( ئەو دەم نەریت وابووە) کە بریتین لە هەر یەکە لە ( موەفەق عارف لهۆنی ، سەربەست ئەحمەد محەمەد ، عادل خورشید ، مستەفا سەعید و ... ) پاشتر لە کۆبوونەوەیەکدا لە باخچەی خوێندنگەی کەلار ( شەهید ئارامی ئێستا) لە ١٩٨٦/٦/١٠ بە بەشداری بیست (٢٠) کەس یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکەم تیپ ئەنجامدرا و بڕیار درا تیپێکی هونەری لە کەلار دابمەزرێت بە ناوی ( تیپی شانۆ و مۆسیقای گەرمیان )[٦]،لە دامەزراندنی ئەم تیپەدا هەریەک لە ( حەسەن عەلی سەلیم ، عادل خورشید ، جیهاد کەریم ، سەربەست ئەحمەد محەمەد ، سەرکۆ محەمەد رۆستەم ، مستەفا سەعید و بەرزان بەکر ) رۆڵیان هەبووە ئەمەیش پاش وەرگرتن و تاقی کردنەوە و هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنیان ، دەستەی بەڕێوەبردنی تیپ لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دەست نیشان کران بەم شێوەیە ( سەرۆکی تیپ - سەربەست ئەحمەد ، سکرتێر - عادل خورشید ، دارای - سەرکۆ محەمەد ، کارگێڕی بەشی مۆسیقا - مستەفا سەعید )، ئەم تیپە لە نۆبەرەی کارەکانیاندا دوو بەرهەمیان پێشکەش بە جەماوەرەکەیان کردووە ، ئەوانیش شانۆی ( پارەی دەرمان ) ی یوسف ئەلعانی کە هونەرمەند جیهاد کەریم کاری دەرهێنانی بۆ کردووە ، چەند هونەرمەندێکی لاو رۆڵیان لەم شانۆگەریەدا بینیوە لەوانە ( مەجید ساڵح عەزیز ،سەربەست ئەحمەد محەمەد و پشکۆ محەمەد ) هەروەها شانۆگەری (دائیرەی نفوس) ی سمکۆ عەزیز کە سەربەست ئەحمەد کاری دەرهێنانی بۆ کردووە ، چەند هونەرمەندێک رۆڵیان لەم شانۆیەدا بینیوە لەوانە (جەمیل محەمەد ، ئەحمەد ئیسماعیل و جەلال محەمەد ئەمین) هەروەها تیپی شانۆ و مۆسیقای گەرمیان

بەسەرپەرشتی مستەفا سەعید توانیویانە چەند بەرهەمێک لە بەشی گۆرانی و مۆسیقا پێشکەش بکەن [٧] .

ئەم دوو بەرهەمە نۆبەرەیەی تیپی شانۆ و مۆسیقای گەرمیان ، یەکەمیان (پارەی دەرمان ) ی یوسف ئەلعانی باسی پیاوێکی نەخۆشی هەژار دەکرد کە کوڕە تاقانەکەی پزیشکی هێناوەتە سەری بەمەبەستی چارەسەر کردن بە هۆی ئەوەی پارەیان نەبووە پزیشکەکە چارەی نەکردووە ئەو پیاوە مردووە ، ئەم دیمەنانە بووە مایەی ناخۆشی و گریان بۆ جەماوەی ئامادەبوی ئەو شانۆگەریە ، دووەمیان (دائیرەی نفوس ) ی سمکۆ عەزیز کە شانۆیەکی کۆمیدی بووە بە پێچەوانەی شانۆی یەکەم جەماوەری هیناوەتە پێکەنین بۆ ماوەی چوار رۆژ پێشکەش کراوە و بەرهەمەکانیش بە مەبەستی ئەرشیف کردنی بە کامێرای ( فەیاز رفعەت ) وێنەی گیراوە ،لە رێگەی ئەم دوو بەرهەمەوە بنەماکانی شانۆی ئەکادیمی لە شارەکە دانرا وەک ( روناکی ، دیکۆر ، دیزاین و دەنگ ) کە ئەو کات ئەو بنەمایانە بۆ کاری هونەری لە شارەکەدا نەبووە و بە زەحمەتی زۆر بەرهەم هاتون ، لە پاش پێشکەش کردنی ئەو دوو بەرهەمە کە جەماوەرێکی زۆری هەبوو لە لایەن کاربەدەستانی بەعس لە کەلار داوا کراوە ناوی تیپەکە بگۆڕن بە هۆی ئەوەی ئەم ناوە لە ناوی ( تیپی ٥١ ی گەرمیان) ی پێشمەرگەوە نزیک بووە ، بۆیە بەم هۆکارە ناوی تیپەکە کراوەتە ( تیپی شانۆی و مۆسیقای کەلار ) [٨]، ئەم تیپە لە هەشتاکاندا توانیویەتی چەندین بەرهەمی تری شانۆ و مۆسیقا پێشکەش بکات لەوانە شانۆگەری ( کاوەی ئاسنگەر ، دەریا و فایلی ٦٧ ) لە دەرهێنانی سەربەست ئەحمەد لە ساڵی ١٩٨٧ [٩] .

رەوتی شانۆ لە دوای دروست بوونی تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار گڕو تینی زیاتری بەخۆوە بینی چی لە پێشکەش کردنی بەرهەمی شانۆی لەلایەن ئەو تیپەوە چی لە دروست بوونی تیپی شانۆی تر لە شاردا،لە ساڵی ١٩٨٥ بیرۆکەی دروست بوونی تیپێک لە کەلار گەڵاڵە دەبێت بەڵام دامەزراندنەکەی دوادەکەوێت بۆ سەرەتای مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ بە ناوی ( تیپی شانۆی سیروان ) لەسەردەستی (عوسمان عەبدولقادر ،مەجید ساڵح ،ئەیوب رۆستەم ،سەرحەد محەمەد سەمین ، ئاکۆ عەبدولڕەحمان زەلکەیی ، کامەران فایەق ، ئەنوەر عەبدوڵلا و نوری کۆچەر) لە ١٩٨٧/٢/٨ یەکەم دەستەی بەرێوەبەری تیپ هەڵدەبژێردرێت لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیریەوە مۆڵەت

وەردەگرن و بارەگای تیپش لە نێو بینای (اتحاد شباب)ی پێشوو و بارەگای کەلاری حزبی شوعی ئێستادا بووە[١٠]، نۆبەرەی یەکەم بەرهەمی تیپی شانۆی سیروان لە ١٩٨٧/٥/١٠ شانۆگەری (پیسکە) لە نوسینی ئەیوب هەورامی و دەرهێنانی کامەران فایەق ، هەریەک لە (سەرحەد محەمەد ، ئەنوەر عەبدوڵلا ، عوسمان عەبدولقادر ، مەجید ساڵح ، ئاکۆ عەبدوڵلا ، کامەران ئیبراهیم ، ئەمین ساڵح ، خالد مەحمود و نوری کۆجەر ) رۆڵ لەم شانۆیەدا دەبینن ، سەرحەد محەمەد لەم شانۆیەدا بە هۆی نەبوونی رەگەزی مێ لەسەر تەختەی شانۆ دەوری ژن دەبینێت بەناوی حەلاو [١١]، بەم شێوەیە تیپی شانۆی سیروان دەست بەکاری هونەری دەکات لەگەڵ تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار و چەندین بەرهەمی تر پێکەوە پێشکەش دەکەن لەوانە بەرهەمەکانی تیپی شانۆی سیروان ، شانۆگەری ( بێ خەمی ناو بەرمیلەکە لە دەرهێنانی کامەران فایەق لە ساڵی ١٩٨٨، بەسەرهاتی وەیسە لە دەرهێنانی مەجید ساڵح لە ساڵی ١٩٨٩ ، روبار لە دەرهێنانی مەجید ساڵح لە ساڵی ١٩٩٠ ) [١٢] ، تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلاریش چەندین بەرهەمی تر پێشکەش دەکەن لەوانە شانۆگەری ( بیرم کەوتەوە لە دەرهێنانی سەربەست ئەحمەد لە ساڵی ١٩٨٩) [١٣] ، لە کۆتایی هەشتاکاندا لە کەلار تیپێکی تری شانۆی دروست دەبێت بە ناوی ( تیپی شانۆی پێشڕەو ) بۆ زیاتر خزمەت کردن بە هونەری شانۆ لە شارەکە و بیرۆکەی دامەزراندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ( مەحمود محەمەد ناسر ، عوسمان سەید حسێن ، ئەکرەم عەبدوڵلا ، رزگار حاجی حەمید ، کامەران عەلی تۆفیق ، شێخ لەتیف ... ) ئەم تیپە پاش وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیریەوە لە ساڵی ١٩٨٩ز توانی یەکەم بەرهەمی خۆی بە ناوی شانۆگەری ( دیوار و دەنگی خوێن ) پێشکەش بکات [١٤]، یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان - تیپی پێشڕەوی شانۆی کەلار لە ١٩٨٩/٢/١ شانۆگەری (دیوار و دەنگی خوێن ) لە دەرهێنانی ( مەحمود محەمەد ناسر ) و نواندنی (مستەفا حەسەن ، لەتیف فاتح ، حسێن عەلی ، کامەران عەلی ، ئەکرەم عەبدوڵلا ، ئدریس حەمە کەریم ... ) پێشکەش کردووە [١٥] ، لە هەشتاکاندا دەرکەوتنی رەگەزی مێ لەسەر تەختەی شانۆ بە کەمی بەدی دەکرا هەر بۆیە زۆر جار کوڕێک ئەو رۆڵەی بەرجستە دەکرد بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧ لە شانۆی دەریا لە دەرهێنانی سەربەست ئەحمەد یەکەمین کچ رۆڵ دەبینێت بە ناوی (شیلان ) [١٦] ، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٠ دا خاتونی شاعیری کورد ( کەژاڵ ئەحمەد ) ئەو دەمە لە کەلار کارمەندی

تەندروستی بووە بەشدار بووە لە پرۆڤەی شانۆی (زمانی چیا ) لە دەرهێنانی مەجید ساڵح بەرهەمی تیپی شانۆی سیروان بەڵام ئەم بەرهەمە بە هۆی نالەباری دۆخی سیاسیەوە پێشکەش نەکراوە[١٧] ، بەم شێوەیە دەردەکەوێت رەگەزی مێیش رۆڵیان لە هونەری شانۆ لە شارەکە لە سەرەتاوە هەبووە، بەم شێوەیە لە لایەن هەریەکە لە تیپی شانۆ و مۆسقای گەرمیان (کەلار ) و تیپی شانۆی سیروان و تیپی شانۆی پێشڕەو لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩١ واتا پێش راپەڕینەوە ( ١١ ) یانزە بەرهەمی شانۆی پێشکەش کراوە کە شەش بەرهەمیان بەرهەمی تیپی شانۆ و مۆسقای گەرمیان (کەلار ) و چوار بەرهەمیش بەرهەمی تیپی شانۆی سیروان و یەک بەرهەمیش بەرهەمی تیپی شانۆی پێشڕەو بووە .

# تەوەری سێیەم

## ڕەوتی شانۆ لە پاش ڕاپەڕین :

لە ساتی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی خەڵکی کوردستان ، لە ١٩٩١/٣/٩ شاری کەلار لە بەعس و دام و دەزگاکانی پاک کرایەوە و خەڵکی ئەم شارەیش دژی زوڵم و زۆرداری ڕاپەڕین ، خەڵکی کەلار و گەرمیان دەست لەملانی ئازادی بوون بەڵام لە ئەنجامی ئەم ڕاپەڕینەدا گەلێک ئەرشیف و کاروچالاکی پێشتر لەناوچوون وەک کەل و پەلی تیپە هونەریەکانی کەلار بە تایبەت ئامێر و کەل و پەلەکانی تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار لە ماوەی پێنج ساڵی کارکردندا کۆکرابووەوە جگە لە سێ ئەلبومی کارە هونەریەکان نەبێت کەل و پەلەکانی تر تاڵان کران [١] ئەمانە نەبونە ڕێگر و جارێکی تر لە ساڵی ١٩٩١ لە کەلار تیپە هونەریەکان چەند بەرهەمێکی تریان پێشکەش کردووە بە شێواز و گڕوتینێکی ترەوە بەشێوەیەک لە هەمان ساڵدا چوار شانۆگەری پێشکەش کراوە ئەوانیش بەرهەمەکانی تیپی شانۆی سیروان کە بریتی بوون لە شانۆگەری ( بۆیاخچی لە دەرهێنانی مەجید ساڵح و ژەمێکی چەور لە دەرهێنانی کامەران فایەق ) ، بەرهەمی تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلاریش شانۆگەری ( چارەنوسی ئادەمیزاد لە دەرهێنانی سەربەست ئەحمەد ) لەم بەرهەمەدا ناوی چەند کچێک بەرچاو دەکەون لەوانە ( نەسرین حەمە ڕەوف ، شوخان ساڵح ) [٢] و بەرهەمی تیپی شانۆی پێشڕەو ئەویش شانۆگەری ( قەفەز لە دەرهێنانی مەحمود محەمەد ناسر) ، لە ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە هەریەکە لە تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار و تیپی پێشڕەو لە گۆڕەپانی هونەریدا نامێنن و کارەکانیان کۆتای پێ دێت و لە شارەکە لقی کەلاری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد بارەگای خۆی دەکاتەوە ، لێرە بەدواوە بەشێکی زۆری کارە شانۆیەکان لەلایەن ئەو کۆمەڵەیە لەگەڵ تیپی سیرواندا پێشکەش کراوە لەگەڵ کردنەوەی لیژنەی کەلاری ( یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ) .

لە دوای ڕاپەڕینەوە بەرهەمە شانۆیەکان لە کەلار فۆرم و شێوازی نوێی بەخۆیەوە بینی ، بەرهەمی زیاتر و هونەرمەندی زۆر تر هاتونەتە مەیدانەکە لە ساڵی ١٩٩٢ دا چوار بەرهەمی تری شانۆی پێشکەش کراوە ئەوانیش شانۆگەریەکانی (مامە یارە لە دەرهێنانی کامەران فایەق ، تونێل و چیای بەزیو لە دەرهێنانی مەحمود وەهاب ، هاوارێکی تاساو

له دەرهێنانی مەجید ساڵح ) ، له شانۆگەریی مامه یارەدا ناوی سێ کچ بەرچاو دەکەون کە رۆڵیان له شانۆیەکەدا بینوە ئەوانیش ( سروە محەمەد ، جوان محەمەد و مهاباد حەمە ساڵح )ن [٣]، له شانۆگەری چیای بەزیوشدا خاتوو ( نەسرین محەمەد رەوف) رۆڵی (ماریا ) دەبینێ ، ئەمەیش بەو مانایە له دوای راپەڕین رەگەزی مێ ئامادەی زۆرتری هەبووە له چاو پێشتردا [٤]،ساڵی ١٩٩٣ له کەلار له لایەن تیپە شانۆیەکانەوە حەوت بەرهەمی شانۆی پێشکەش کراوە له لایەن کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد – لقی کەلارەوە ئەم بەرهەمانە نمایش کراون ( ئەو پیاوەی بوو بەسەگ له دەرهێنانی محەمەد حەسەن ، یاری پاشا و وەزیر و پڵنگەکان له رۆژی دەیەمدا له دەرهێنانی کەریم حسێن ، دیمەنێکی تەواو نەبوو له دەرهێنانی خالد سلێمان ) و بەرهەمەکانی تیپی شانۆی سیروان ( شێتەکانی ئەم رۆژگارە له دەرهێنانی رەحمان عەلی ، دیمەنێکی بێ دەنگ ) ، له کەلار له٦/١/ ١٩٩٣ له سەر دەستی هونەرمەند (عوسمان عەبدولمەجید ) ناسراو بە عوسمان گەرمیانی تیپی شانۆی منداڵانی گەرمیان وەک یەکەم تیپی تایبەت بە شانۆی منداڵان له کەلار دادەمەزرێت ، یەکەم بەرهەمی ئەم تیپە شانۆی (سەرگوزشتەی مام رێوی ) له دەرهێنانی عوسمان گەرمیانی بووە [٥]، ئەم شانۆیە نۆبەرەی کاری ئەم تیپەیە له ١٩٩٣/٨/٢٥ له کەلار پێشکەش کراوە ، ئەندامە سەرەتایەکانی تیپی شانۆی منداڵان له (٢٥) منداڵ پێک هاتبوو [٦] ، تیپی شانۆی منداڵان شانبەشانی تیپە هونەریەکانی تر لەسەر دەستی محەمەد سابیر تا ئێستا بەردەوامە له کارکردن و ساڵانە بەرهەمەکانی خۆی پێشکەشی بینەرەکانی دەکات [٧] ، بەم شێوەیە رەوتی شانۆ له کەلار لەسەر دەستی کۆمەڵێک هونەرمەند چالاکیەکانیان لەو تیپە شانۆیانەدا پێشکەش کردووە له گەشەکردندا بووە بە تایبەت پاش ئەوەی فیستیڤاڵی هونەری کەرکوک له لایەن وەزارەتی رۆشتبیری و یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان له ساڵی ١٩٩٣ بە دواوە سازکراوە بە بەشداری تیپە شانۆیەکانی (کەلار ، دەربەندیخان ، کفری و چەمچەماڵ ) ساڵانە له کەلارەوە بەرهەمێک یان زیاتر لەو فیستیڤاڵەدا پێشکەش کراوە و توانیویەتی خەڵاتیش له بوارە جۆربەجۆرەکاندا بەدەست بهێنن[٨] .

له کەلار سەرباری بەرهەمی تیپە شانۆیەکان له لایەن رێکخراو و دام و دەزگاکانی ترەوە شانۆگەری پێشکەش بە جەماوەر کراوە ، هاوکات شانۆگەری قوتابخانەکان بە بەردەوامی بوونی هەبووە بەشێوەیەک له پاش راپەڕین له کەلار له لایەن بەڕێوەبەرێتی

گشتی پەروەردەی کەرکوک و کەلارەوە لە بەشی چالاکی هونەری ساڵانە فیستیڤاڵی هونەری ڕێکخراوە و تێیدا چەندین شانۆگەری پێشکەش کراون کە نزیکەی نەوەد و پێنج (٩٥) شانۆگەری دەبێت ، لە ساڵی ١٩٩٤ بەدواوە ئەو سێ تیپە هونەریەی کە ناومان بردن بەردەوام ساڵانە شانۆیان نمایش کردووە ، لەو ساڵەدا دوو شانۆگەری پێشکەش کراوە ( گۆرانی ماڵئاوای لە دەرهێنانی سەربەست ئەحمەد ، بولبول و ڕێوی لە دەرهێنانی عوسمان گەرمیانی ) ، لە ساڵی ١٩٩٥ دا چوار شانۆگەری پێشکەشکراون بریتین لە شانۆگەری ( شۆڕشی مردووەکان ، ئەژدیها و شاری ئەوین ، سەرکەوتن لە راستیدایە و دارقەیسی ) وە لە ساڵی ١٩٩٦ – ٢٠٠٦ لە کەلار پەنجاو پێنج (٥٥) شانۆگەری کوردی نمایش کراوە کە زۆرترینیان لە ساڵی ٢٠٠١ دایە خۆی لە دە شانۆگەریدا دەبینێتەوە لە لایەن ئەو سێ تیپە هونەریەی سەرەوە پێشکەش کراوە لەگەڵ یەکێتی هونەرمەندانی یەگکرتووی کوردستان کە رۆڵی لە چالاکیە هونەریەکاندا هەبووە وەک لە خشتەی ژمارە ( ١ - ٥) ناوی شانۆگەریەکان نوسراوە ، لە ساڵی ٢٠٠٧ – ٢٠١١ لە کەلار دوانزە ( ١٢) کاری شانۆی پیشانی بینەران دراوە تێکڕا لە کەلار تەنها لە لایەن تیپە هونەریەکانەوە لە نێوان ساڵی ١٩٨٦-٢٠١١ نەوەد و نۆ (٩٩) شانۆگەری بەرهەم هاتوون کە زۆرترین بەرهەمی شانۆی لە کەلار لە ساڵی ٢٠٠١ دا پێشکەش کراوە ، ژمارەی بەرهەمە شانۆیەکانی تیپە شانۆیەکان بەم شێوەیەیە : تیپی شانۆ و مۆسیقای گەرمیان ٢ بەرهەم ، تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار ٦ بەرهەم ، تیپی شانۆی سیروان ٣١ بەرهەم ، تیپی شانۆی پێشڕەو ٢ بەرهەم ، کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد / لقی کەلار ٢٧ بەرهەم ، تیپی شانۆی منداڵانی گەرمیان ٢١ بەرهەم ، یەکێتی هونەرمەندان و هونەرمەندانی کەلار ١٠ بەرهەم ( یەکێتی هونەرمەندان و کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان لە چەند شانۆگەریەکدا هاوبەش و پێکەوەن ) .

شانۆکارانی کەلار لە چەندین فیستیڤاڵدا بەشدار بوونە و توانیویانە خەڵاتی باشیش بەدەست بهێنن ، هاوکات لە کەلار بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی گەرمیان لەسەر ئاستی کوردستان بەشداری لە شانۆی پەروەردەکانی کوردستاندا هەبووە ، کاروانی شانۆ لە کەلار تا ئێستایش درێژەی هەیە و لە پاش ساڵی ٢٠١٢ تا ساڵی ٢٠١٦ نزیکەی شازدە (١٦) کاری شانۆی تر پێشکەش کراون وەک لە خشتەی ژمارە (٩) دا ئاماژەی بۆ کراوە ،بۆ یەکەمین جار لە کەلار مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی – حەوزی گەرمیان بەهاوکاری

کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک لەژێر ناونیشانی ( فۆلکلۆرمۆزەخانەی زیندووی مێژووی گەلانە ) لە ئازاری ١٩٩٨ یەکەمین فیسستیڤاڵی هونەری فۆلکلۆری سازکردووە کە چەندین نمایشی تێیدا ئەنجام دراوە لەوانە  مەراسیمی گواستنەوەی بوک و زاوای ئێل کە هەریەکە لە ( ئەمین ساڵح و بەناز خالید ) رۆڵی بوک و زاوایان تێدا بینیوە لەگەڵ نمایشی بوکە بەبارانێی تیپی شانۆی منداڵانی گەرمیان و شانۆگەری ( کاوەی ئاسەنگەر)یش نمایش کراوە ، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ٢٠٠٥ دەزگایەکی رۆشنبیری سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری دێتە کەلار ئەویش ( بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری منداڵان ) بوو کە توانیویەتی چەندین چالاکی هونەری بە منداڵان پێشکەش بکات ، هاوکات رێکخراوێکی تری مندڵان لە کەلار بە هەمان شێوە رۆڵیان لەم رووە دیارە ئەویش ( رێکخراوی لانەی منالآنی کوردستان – لقی کەلار ) بە تایبەت ساڵانە بە کەرنەڤاڵی ( بابا نۆئێڵ ) ەوە دینە دیداری منداڵان ، لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ یەکەمین جار بەڕێوەبەرایەتی گشتی هونەر و رۆشنبیری سلێمانی لە کەلار و لە سەر قەڵای شێروانە ( یەکەمین فیستیڤاڵی کلتوری گەلان ) بە بەشداری سیانزە(١٣) گروپی هونەری و ناوخۆی و بیانی بەڕێوە برد ، هەر لە کەلار بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان بە هاوکاری ماڵی سینەما لە ١٦-٢٠١٣/٦/٢١ یەکەمین فیستیڤاڵی کورتەفیلمی نێو دەوڵەتی بە بەشداری نزیکەی پەنجا (٥٠) فیلمی ناوخۆی و جیهانی بەڕێوەبرد ،  لە ئێستادا لە کەلار چەندین تیپ و گروپی شانۆی بەردەوامن لە کار کردن و لە لایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشتبیر و هونەری گەرمیانەوە مۆڵەتیان وەرگرتووە و ناوەکانیان تۆمار کراوە وەک (کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد / لقی کەلار ،  تیپی شانۆی سیروان ، تیپی شانۆی منداڵانی گەرمیان ، گروپی هونەری ئەستێرەکان ، گروپی شانۆی بەهرە ، تیپی شانۆی بنکورە، گروپی شانۆی بوکەڵە ... ) هاوکات نوسیگەی گەرمیانی – سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانیش لەکەلار هەیە کە بەم تیپانەوە پێکەوە لە کەلار بەردەوامن لە کارکردن لە بواری شانۆدا ، هونەرمەندانی کەلار لە رابردوودا بەشێکی زۆریان لە دراما و زنجیرەی تەلەفزیۆنی لەسەرئاستی کوردستان بەشدار بوونە لەوانە (رەشەی پۆلیس ، گەردەولول، لاپەڕەکانی کەرکوک ...) ، هەروەها بەشێکی تر لە هونەرمەندانی کەلار رویان لە سینەما کردووە و توانیویانە لەم رووە کاری خۆیان بکەن و جێ پەنجەیان دیار بێت ، سەرباری ئەوەی بەشێکی تری گەنجان لە پەیمانگا و کۆلێژە هونەریەکان درێژە بە خوێندن لە

بواری شانۆدا دەدەن ئەمەیش سەرمایەیەکی بەکەڵکە بۆ هونەری ئەم شارە بە گشتی ، سەرباری چەندین کەم و کورتی بنەڕەتی لە هونەر لەم شارەدا بەڵام هونەری شانۆ لە کەلار ئومێدی کاری باشتر و زۆرتری لێ دەکرێت .

کەلار لە رابردوو و ئێستادا خاوەنی هونەرمەندانی بەتوانا بووە کە دەکرێت لێرەدا بە کورتی تیشک بخەینە سەر ژیانی بەشێک لە هونەرمەندانی شانۆکاری بە ئەزمون و گەنج لەوانە :

**١- سەربەست ئەحمەد محەمەد :** لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٥ ی کەلارە ، لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ چوەتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی ، لە ١٩٨٦/٦/١٠ لە کەلار یەکەم تیپی شانۆی ئەکادیمی لە شارەکە دامەزراندووە ، لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ یەکەمین جار دەچێتە سەر تەختەی شانۆ لە پەیمانگا ، لە سی و حەوت (٣٧ ) کاری شانۆیدا بەشداری کردووە و بیست و شەش (٢٦) کاری دەرهێنانی شانۆی ئەنجام داوە،لە شەش (٦ ) زنجیرەی تەلەفیزیۆنیدا بەشدار بووە لەگەڵ چەندین کاری تری سینەمای [٩] .

**٢-  مەجید ساڵح عەزیز :** لە دایک بووی ١٩٦٨ ی خانەقین ، ماستەر لە راگەیاندندا ، لە ساڵی ١٩٨٦ لە شانۆگەری (پارەی دەرمان) لە کەلار دێتە سەر تەختەی شانۆ ،لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تر تیپی شانۆی سیروان دادەمەزرێنێت ، زیاد لە بیست (٢٠) شانۆدا وەک ئەکتەر و دەرهێنەر کاری کردووە ،لە ساڵی ٢٠٠١ لە شانۆی (تۆ ... کێی) وەک دواین کاری شانۆی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە [١٠] .

**٣- عوسمان عەبدولقادر کاکە :** لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٥ ی قۆرەتوو ، بەڕێوەبەری چالاکی هونەرییە لە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی گەرمیان ، لە قوتابخانەوە دەستی کردووە بە کاری شانۆی لە ساڵی ١٩٨٢ ، لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تر تیپی شانۆی سیروان دادەمەزرێنێت ، لە نزیکەی بیست (٢٠) بەرهەمی شانۆی وەک ئەکتەر و دەرهێنەر کاری کردووە ، لە بەشی سێیەمی زنجیرە درامای گەردەلولدا رۆڵی بینیوە [١١] .

**٤- پشکۆ محەمەد رۆستەم :** لە ساڵی ١٩٧٠ لە کەلار لە دایک بووە ، بەڕێوبەری سەنتەرە رۆشنبیریەکانی گەرمیانە ، لە ساڵی ١٩٨٦ لە شانۆگەری دائیرەی نفوسدا وەک یەکەمین کاری شانۆی دەرکەوتوە ، لە بیست و سێ (٢٣) کاری هونەریدا بەشدار بووە وەک ئەکتەر ،لە چوار درامادا بەشدار بووە،  سێ پێشانگای تایبەت بە ئەنفالی کردوەتەوە و خاوەنی ماکێتی جیهانی و قەڵای شێروانەیە ، لە چەند کورتە فیلمێکدا بەشدارە [١٢] .

٥- **کەریم حسێن رەشید :** لە ساڵی ١٩٦٤ لە کوڵەجۆی زەنگاباد لە دایک بووە ، لە ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە ، لە ساڵی ١٩٨٣ لە شانۆی یۆلوس قەیسەر لە پەیمانگا بەشداری یەکەمین کاری شانۆی کردووە ، لە دە (١٠) شانۆگەریدا وەک ئەکتەر و لە هەشت (٨) شانۆدا وەک دەرهێنەر کاری کردووە ، لەگەڵ چەندین کاری تری هونەری لە بواری شانۆدا و ئێستا سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەرە لە کەلار [١٣] .

٦- **ئەمین ساڵح ئیمام عەلی** (١٩٧٠-٢٠١٥) لە ناحیەی قورەتووی سەر بەخانەقین لە دایک بووە ، لە ساڵی ١٩٩٧ پەیمانگای مامۆستایانی کەلار و لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشی کوردی لە کۆلیژی ئاداب لە خانەقین تەواو دەکات ، لە ساڵی ١٩٨٧ لە شانۆگەری ( پیسکە ) دا لەسەر تەختەی شانۆ دەردەکەوێت و دەبێتە ئەندامی تیپی شانۆی سیروان، لە هەشت بەرهەمی شانۆیدا بەشدار بووە و رۆڵی لە درامای تەلەفزیۆنی چارەنوسدا هەبووە ،لەگەڵ کاری هونەریشدا راگەیاندکارێکی دیار بووە و ماوەیەک بەڕێوەبەری نوسیگەی گەرمیانی کەناڵی کوردسات بووە ،لە کارەساتێکی دڵتەزێندا لە ٢٠١٥/٦/٢٩ لە وڵاتی یۆنان کۆچی دوای دەکا [١٤] .

٧- **کامەران فایەق مەدحەت :** لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٥ و هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگایە ، ئێستا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کارەبای گەرمیان لە فرۆشتنی وزەی کارەبای کەلار ، لە ساڵی ١٩٨٤ توانیویەتی ئامادەکاری و دەرهێنان بۆ شانۆی (ئاژاوەچیەکان ) بکات لە قوتابخانەدا ، لە نزیکەی ١٧ کاری هونەریدا رۆڵی هەبووە بەتایبەت لە بواری دەرهێناندا و ئەندامێکی چالاکی تیپی شانۆی سیروان بووە ، لە ساڵی ٢٠٠٥ وەک دەرهێنەر لە شانۆی لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەوە کاری کردووە [١٥] .

٨- **مەحمود محەمەد ناسر :** لە ساڵی ١٩٦٩ لە ناوچەی خانەقین لە دایک بووە ، دەرچووی ئامادەی پیشەسازی سلێمانیە ، لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ تیپی شانۆ و مۆسیقای گەرمیان دەستی بەکاری هونەری کردووە ، لە نزیکەی هەژدە (١٨ ) بەرهەمدا وەک ئەکتەر رۆڵی هەبووە و لە دوو شانۆیشدا کاری دەرهێنانی کردووە ، لە دەرەوەی وڵاتیش لە چەندین کاری هونەریدا بەشدار بووە ، بەشداری لە بەشی سێیەمی زنجیرەی گەردەلول و زنجیرەی لاپەڕەکانی کەرکوکدا کردووە ، لە شانۆگەری دەمامکدا لە ٢٠١٦ وەک ئەکتەر بەشدار بووە [١٦] .

**٩- محەمەد حەسەن قادر :** لە ساڵی ١٩٦٦ لە شارەدێی کەلاری کۆن لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ لە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی دەبێتە قوتابی، ئێستا سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەرە لە کەلار ، لە ساڵی ١٩٨٤ لە شانۆگەری (بەسەر شۆستەی نەویستندا ) دێتە نێو دنیای شانۆوە ، لە چەندین شانۆگەری بواری منداڵاندا کاری کردووە ، لە چەندین فیستیڤاڵدا خەڵاتی پێ بەخشراوە دواهەمینیان لە ساڵی ٢٠٠٨ لە فیتسیڤاڵی سلێمانی بۆ شانۆ خەڵاتی باشترین دەرهێنانی پێ بەخشراوە ، لە ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ سەربەست ئەحمەد پێکەوە کاری دەرهێنانیان بۆ شانۆی دەمامک کردووە [١٧] .

**١٠- کامەران عەبدولڕەحمان مەحمود :** لە دایک بووی ساڵی ١٩٧٢ ی خانەقینە ، پەیمانگای مامۆستایانی تەواو کردووە و ئێستا مامۆستایە ، لە ساڵی ١٩٨٩ وەک ئەکتەر لە شانۆی ( بەسەرهاتی وەیسە ) دا بەشدار بووە ، لە بیست و یەک (٢١ ) کاری شانۆیدا وەک ئەکتەر و لە یەک شانۆدا وەک دەرهێنەر ڕۆڵی بینیوە ، لەگەڵ تیپی منداڵانی گەرمیانیش بەشداری چەند کارێکی شانۆی منداڵانی کردووە ، لە ساڵی ٢٠١١ دەرهێنانی بۆ شانۆی (قردێلە ) کردووە [١٨] .

**١١- محەمەد سابیر کەمەر :** لە ساڵی ١٩٧٤ لە کەلار لە دایک بووە ، ئامادەی پیشەی کەلاری تەواو کردووە ، لە ساڵی ١٩٩٢ لە تیپی شانۆی سیروانەوە لە شانۆی مامە یارەوە هاتوەتە سەر تەختەی شانۆ ، لە ساڵی ١٩٩٧ ەوە تا ئێستا سەرۆکی تیپی شانۆی منداڵانی گەرمیانە ، لە نزیکەی پەنجا ( ٥٠) شانۆی گەورە و منداڵدا کاری هونەری کردووە ، بەشداری بەشی سێیەمی زنجیرە درامای گەردەلولی کردووە ، یەک ساڵ سەرۆکی لقی خانەقینی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووە [١٩] .

**١٢- مەحمود وەهاب حەسەن :** لە ساڵی ١٩٦٢ لە کەلار لە دایک بووە ، لە نزیکەی پانزە (١٥) کاری شانۆیدا ڕۆڵی هەبووە ، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٨٨هاتوەتە سەر تەختەی شانۆ ، لە شانۆگەری چارەنوسی ئادەمیزاددا ڕۆڵی بینیوە ، لە بواری مۆسیقا و گۆرانی ووتندا لە کەلار ڕۆڵی کاریگەری بینیوە ، یەکەم کەسە کە بە منداڵی لە ساڵی ١٩٧٥ ئامێری سازی هێناوەتە کەلار ، ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان و یەکێتی هونەرمەندان لە کەلاردا ، تا ئێستایش لە بواری مۆسیقا و گۆرانی ووتندا بەردەوامە [٢٠] .

**١٣- عوسمان عەبدولمەجید عەبدولقادر (عوسمان گەرمیانی ) :** لە ساڵی ١٩٧١ لە دایک بووە، لە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد / لقی کەلاردا لە چەندین بەرهەمدا بەشدار بووە وەک ( گەشتەکەی تالە ، شۆڕشی مردووەکان ) ، لە ١٩٩٣/٦/١ لە کەلار بۆ یەکەمین جار تیپێکی تایبەت بە ناوی ( تیپی شانۆی منداڵانی گەرمیان ) دادەمەزرێنێت ولەم رێگەیەوە چەندین بەرهەم پێشکەشی منداڵان دەکات ، ئێستا لە دەرەوەی وولات دەژی [٢١].

**١٤- جەلال محەمەد ئەمین ( جەلال هەزارکانی ) :** لە ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی هەزارکانی گەرمیان لە دایک بووە ، لە ساڵی ١٩٨٦ لە شانۆگەری دائیرەی نفوسدا لە رۆڵی پیاوێکی لادێیدا هاتوەتە سەر تەختەی شانۆ ، لە دوانزە (١٢) شانۆگەریدا بەشدار بووە ، لە دوو درامای تەلەفزیرنی و دوو کورتە فیلمدا بەشدار بووە ، لە شانۆگەری سەر شەقام لە دەربەندیخاندا رۆڵی بینوە لە ساڵی ٢٠١٣ دا [٢٢] .

**١٥- زمناکۆ عەبدولکەریم محەمەد :** لە ساڵی ١٩٧٦ لە کەلار لە دایک بووە ، لە ساڵی ١٩٩٢ لە رێگەی رۆڵ ببینین لە شانۆگەری مامەیارەدا لە تیپی شانۆ سیروان هاتوەتە دنیای هونەرەوە ، لە حەڤدە (١٧) بەرهەمی شانۆیدا رۆڵی ئەکتەر و لە یەک شانۆدا رۆڵی دەرهێنەری بینیوە ، لە شەش ( ٦) ئەلقەی تەلەفزیۆنی ناوخۆی کەلاردا لە بەرنامەی کۆمیدی ( کەلیۆر) دا رۆڵی بینیوە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ، لە ساڵی ٢٠١٣ لە فیلمی سینەمای ئاشقەکان بە پێوە نامرن بەشدار بووە [٢٣] .

**١٦- عومەر عەبدوڵڵا حسێن :** لە ساڵی ١٩٦٨ لە هەڵەبجە لە دایک بووە ، لە ساڵی ١٩٨٥ لە شانۆگەری بۆشدا رۆڵی گێڕاوە لە هەڵەبجە،لە نزیکەی بیست (٢٠) بەرهەمی شانۆیدا وەک ئەکتەر و دەرهێنەر کاری کردووە، لە بەشی سێی زنجیرە درامای گەردەلولدا رۆڵی شەهید سیروان تاڵەبانی بینیوە لەگەڵ بەشداری لە درامای لاپەڕەکانی کەرکوک ،لە دوو کورتە فلیمدا بەشدار بووە ،ئێستا بەرپرسی گروپی ئەستێرەکانە [٢٤] .

**١٧- حسێن عەبدوڵڵا عەزیز :** لە ساڵی ١٩٧٢ لە خانەقین لە دایک بووە ، ئێستا مامۆستایە لە کەلار ، لە رێگەی شانۆی قوتابخانەوە هاتوەتە دنیای شانۆوە ، لە ساڵی ١٩٩٠ لە رێگەی تیپی شانۆی سیروانەوە هاتوەتە سەر تەختەی شانۆ بە شێوەیەکی هونەری ، لە زۆربەی بەرهەمەکانی تیپی شانۆی سیرواندا بەشدار بووە چ وەک ئەکتەر و چ وەک دەرهێنەر یان کاری هونەری تر [٢٥] .

**١٨- ڕەحمان عەلی ڕەمەزان :** لە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی سەوزبڵاخی سەر بە خانەقین لە دایک بووە ، پەیمانگای مامۆستایانی کەلار – بەشی ئینگلیزی تەواو کردووە و ئێستا مامۆستایە ، لەساڵی ١٩٨٨ لە ڕێگەی تیپی شانۆی سیروانەوە هاتوەتە سەر تەختەی شانۆ، لە نزیکەی بیست (٢٠) شانۆدا ڕۆڵی بینیوە ، لە بواری وەرگێڕانی شانۆیشدا چەندین دەقی وەرگێراوە لەوانە (میوانەکە ، پرۆتۆس ،گوڵە ڕەشەکان لە ڕۆژی خۆشەویستیدا)[٢٦].

**١٩- زارا حەسەن حەمید :** لە ساڵی ١٩٧٢ لە شارەدێی کەلاری کۆن لە دایک بووە ،ئێستا مامۆستایە لە شاری کەلار ، لە ساڵی ١٩٩٣ وەک بەڕێوبەری شانۆ لە شانۆگەری ( ئەو پیاوەی بوو بەسەگ ) هاتوەتە بواری هونەرەوە و ئەحمەدی برای و محەمەد حەسەنی هاوسەری هاندەری سەرەکی بوونە ، سەبارەت بە شانۆ دەڵێت « هونەرێکی باڵا و دنیایەکی بێ گەرد و پڕ موحیبەتە »، مامۆستا زارا تا ئێستایش بەردەوامە لە کاری هونەری [٢٧].

**٢٠- شیرین شەوکەوت سەعید :** لە ساڵی ١٩٧١ لە دایک بووە ، پەیمانگای مامۆستایانی تەواو کردووە و ماوەیەک بەرێوبەری کتێبخانە گشتیەکانی گەرمیان بووە ، لە ساڵی ١٩٩٨ لە شانۆی ( کالیگۆلا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ ) دا هاتوەتە نێو دنیای شانۆوە ، لە چەندین کاری تری هونەریدا ڕۆڵی بینیوە ، لە ساڵی ٢٠٠٥ لە شانۆگەری لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەوە ڕۆڵی بینیوە ، لە هەردوو کورتەفیلمی ( زام ، چاوەڕوانی ) دا ڕۆڵی بینیوە[٢٨].

**٢١- ئاوات محەمەد محی دین :** لە ساڵی ١٩٦٨ لە دایک بووە ، ئێستا مامۆستایە لە کەلار ، لە ساڵی ١٩٩٣ لە شانۆی ( ئەو پیاوەی بوو بە سەگ ) هاتوەتە سەر تەختەی شانۆ ، لە درامای گەردەلولدا بەشدار بووە ، لە نزیکەی پێنج (٥) شانۆی قوتابخانەدا ڕۆڵی هەبووە و لەو ڕووەوە کاری کردووە ، لە ساڵی ٢٠١٣ دا لە کلیپی گۆرانی ( دایک) دا بەشدار بووە [٢٩].

**٢٢- گۆران نامیق ڕۆستەم** ، لە ساڵی ١٩٨١ لە کەلار لە دایک بووە ، لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە و ئێستا خوێندکارە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە هەولێر ، لە ڕێگەی شانۆی قوتابخانەوە هاتوەتە نێو دنیای شانۆوە ، لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ڕۆڵی بینیوە لە شانۆی دێزدەمونەی ئازیزم ، لە نزیکەی سی (٣٠) کاری شانۆیدا ڕۆڵی بینوە ، شانۆی کۆچبەران لە دەرهێنانی فازڵ جاف لە ساڵی ٢٠١٦ دا وەک ئەکتەر ڕۆڵی بینیوە [٣٠].

**٢٣- هونەر حەسەن رەشید :** لە ساڵی ١٩٨٥ لە شارەدێی کەلاری کۆن لە دایک بووە ، لە ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، لە ڕێگەی شانۆی قوتابخانەوە لە تەمەنی هەشت ساڵیدا هاتوەتە دنیای هونەرەوە ، لە زۆربەی شانۆیەکانی تیپی شانۆی منداڵانی گەرمیاندا تا ساڵی ٢٠٠١ بەشدار بووە ، لە نزیکەی بیست (٢٠) شانۆدا بەشدار بووە ، لە درامای گەردەلولدا بەشدار بووە لەگەڵ چەند کورتە فیلمێکدا ، لە ساڵی ٢٠١٣ لە سلێمانی لە شانۆی (سکرۆچ ) دا بەشدار بووە[٣١].

**٢٤- عومەر عەبدولکەریم قادر :** لە ساڵی ١٩٨٥ لە کەلار لە دایک بووە ، ئێستا مامۆستای زمانی کوردیە لە کەلار ، لە ساڵی ١٩٩٧ لە ڕێگەی شانۆی قوتابخانەوە هاتوەتە سەر تەختەی شانۆ ، لە کاتی خوێندنی زانکۆدا لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە زۆر تر تێکەڵی کاری شانۆی بووە و نزیکەی دوانزە (١٢) کاری شانۆی کردووە ، لە چەندین کاری تردا ڕۆڵی هەبووە، لە ساڵی ٢٠١٦ دا لە شانۆی دەمامکدا ڕۆڵی گێڕاوە و تێیدا بەشدار بووە [٣٢] .

**٢٥- سامان مەحمود محەمەد :** لە کەلار لە ساڵی ١٩٨٤ لە دایک بووە ، ئێستا مامۆستای هونەرە لە کەلار ، لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لە شانۆی کارەساتدا هاتوەتە سەر تەختەی شانۆ ، لە پێنج (٥) شانۆگەریدا بەشدار بووە کە دواین کاری شانۆی چوارینە بووە ، لە ڕێگەی شانۆی قوتابخانەکانەوە لە کارکردن بەردەوامە [٣٣] .

**٢٦- محەمەد ساڵح :** لە ساڵی ١٩٨٤ لە دایک بووە ، بەشی کۆمپیوتەری لە پەیمانگای تەکنیکی چەمچەماڵ تەواو کردووە و ئێستا مامۆستایە ، لە ساڵی ١٩٩٦ لە ڕێگەی شانۆی قوتابخانەوە هاتوەتە دنیای هونەرەوە ، لە ساڵی ٢٠٠٧ لە چەمچەماڵ لە شانۆی شارەکەمدا بەشدار بووە ، لە ساڵی ٢٠١٢ بە شانۆی ( ئێمە نەوەی گەرمیانین ...پەروەردەی ڕێبازی بارزانین ) لە بارزان شانۆگەریەکیان نمایش کردووە ، سەرۆکی گروپی شانۆی بەهرەیە لە کەلار لە ٢٠١٣/٢/٢٨ مۆڵەتی لە بەڕێوبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان وەرگرتووە [٣٤] .

**٢٧- ئازاد ئەحمەد :** لە کەلار لە ساڵی ١٩٨٨ لە دایک بووە ، لە شانۆی شاری کەروێشکەکان لە ساڵی ٢٠٠٠ هاتوەتە سەر تەختەی شانۆ ، لە نزیکەی پانزە (١٥) نمایشدا بەشدار بووە ، شانۆی گوزارەی خەیاڵێک دواین کاری بووە کە تێیدا بەشدار بووە [٣٥] .

**٢٨- کۆشش محەمەد حسێن :** لە ساڵی ١٩٩٠ لە کرمانشان لە دایک بووە ، لە ڕێگەی شانۆی قوتابخانەوە هاتوەتە سەتەختەی شانۆ ، لە ساڵی ٢٠٠٧ لە ئامادەی سەردەم شانۆگەرییەکی بۆ ئەنفال نمایش کردووە ، لە نزیکەی (١٣) شانۆگەریدا کاری کردووە زۆرترینیان لە قوتابخانەکاندا بووە [٣٦] .

**٢٩- سەرکۆ محەمەد ڕۆستەم (سەرکۆ جاف ):** لە ساڵی ١٩٦٤ لە کەلار لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٨٦ کە یەکەمین تیپی شانۆی ئەکادیمی لە کەلار دادەمەزرێت ئەمیش یەکێک دەبێت لەو دەستەیە ، لە شانۆی دائیرەی نفوسدا وەک ئەکتەر بەشدار دەبێت، لە چەندین کاری شانۆی تردا بەشدار بووە ئەمە جگە لەوەی کە خاوەنی چەندین پێشانگایە و سەرنوسەری گۆڤاری کەلاریش بووە ، ئێستا فەرمانبەرە لە وەزارەتی کارەبا و خوێندکاری کۆلێژی هونەر – بەشی فیلمسازی / دەرهێنانە [٣٧] .

**٣٠- جەمیل محەمەد ئیبراهیم :** لە ساڵی ١٩٦٧ لە کەلار لە دایک بووە ، لە ساڵی ١٩٨٦ لە ڕێگەی شانۆی عەریزە نوسەوە هاتوەتە سەر تەختەی شانۆ ، لە یازدە بەرهەمی شانۆیدا وەک ئەکتەر بەشدار بووە و بەشداری لە فیستیڤاڵی هونەری کەرکوکدا کردووە ، دواین کاری شانۆی شانۆگەری حەشارگە بووە ، جگە لە کاری شانۆ لە فیلمیشدا بەشدار بووە هاوکات ڕاگەیاندکارێکی دیار بووە لە سنورەکە ، لە چەندین بەرنامەی تەنز ئامێزی تەلەفزیۆنی کەلاردا وەک ئەکتەر و ئامادەکار بەشدار بووە ، بەهەمان شێوە لە چەند کارێکی تەمسیلی لە ڕادیۆی گەرمیان بەشدار بووە [٣٨] .

جگە لەو هونەرمەندانەی کە لێرەدا ناویان هاتووە دەیان هونەرمەندی تر لە کەلار لە ڕابردوو لە ئێستادا بە کاری شانۆیەوە خەریک بوون و جێ پەنجەیان لەم ڕووە دیارە ، دەکرێت لە دەرفەتێکی تردا ناویان بهێنرێت هەرچەندە بەشێکیشیان پەیوەندیان پێوە کرا بوو بۆ ئەوەی زانیاریەکانیان بخەنەڕوو بەڵام لەو ڕووە زانیاریەکانیان بە لێکۆڵەری ئەم بەرهەمە نەدا ؟

# بەشی دووەم

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی تەوەری یەکەم :

**(١)** سەباح عەلی جاف ، ببیلیۆگرافیای رۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ، شیکار (گۆڤار) ، ژمارە ( ١٣) ، هەولێر ، بەهاری ٢٠١٦ ، ل ١٢٥ .

**(٢)** قید عام ( تۆماری گشتی ) ، رقم ( ١ ) ، مدرسە کلار الابتدائیە ، سنە ١٩٣١ – ١٩٤١ .

**(٣)** مصطفی نەریمان ، س . پ ، ل ١١٠ .

**(٤)** ممەمەد شاکەلی ، س . پ ، ل ١٧٠ .

**(٥)** عەبدوڵڵا حەسەن قادر ، کەلاری کۆن و نەورۆز ، گڕی نەورۆز (ساڵنامە) ژمارە (١٤)، سلێمانی ، ٢٠١٤/٣/٢١ ، ل ٧ .

**(٦)** سەرکۆ محەمەد ، سەرەتای شانۆ و ئاهەنگی جارانی شار و گۆرانی تا ئەمڕۆ ، کەلار (گۆڤار) ، بەشی یەکەم ، ژمارە (١) ، کەلار ، کانونی یەکەمی ٢٠٠٣ ، ل ١٣ .

**(٧)** محەمەد پەژار : شاعیر و روناکبیر محەمەد پەژار کەلاری ناوی ( محەمەد حەسەن حەمید ) لە ساڵی ١٩٥٤ لە ئاوایی کەلاری کۆن لە دایک بووە ، قۆناغی سەرەتای خوێندن لە کەلار و ناوەندی لە کفری و پیشەی لە کەرکوک تەواو کردووە ، هەر لەسەرەتای لاوێتیەوە خولیای ئەدەب و هونەر بە تایبەت شیعر نوسینی هەبووە و یەکەم شیعری خۆی لە گۆڤاری بەیان لە ئەیلولی ١٩٧٥ بە ناوی ئاوارەی بڵاوکردەوەتەوە، ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی و یەکێتی ئەدیب و نوسەرانی کورد بووە ، پەژار لە زۆرێک لە کۆڕ و کۆبونەوە ئەدەبی و رۆشنبیریەکاندا بەشدار دەبێت بە تایبەت ئەو دەمەی لە بەغدا فەرمانبەر دەبێت لە فەرمانگەی کارەبا ، هەر لە بەغدا لە ساڵی هەشتاکان لە ئێزگە و رادیۆی کوردی بەغدا بەرنامەیەک ئامادە و پێشکەش دەکات بە ناوی ( کاروانی شیعر و مۆسیقا ) و هاوکات بەرنامەیەکی مێژووی پێشکەش دەکات بە ناوی ( چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق ) کە دکتۆر کەمال مەزهەر ئامادەی دەکات ، هاوکات بابەتی وەرگێڕدراویشی هەیە لە زۆرێک لە بڵاوکراوە کوردیەکانی ئەودەمەدا ، ئەو دەمەی لە ساڵی ١٩٨٨ دێتەوە کەلار کتێبخانەیەکی بچوک بە ناوی ( کتێبخانەی کوردەواری ) دەکاتەوە ، شاعیر پەژار لە ساتەوەختی راپەڕین و بە دەستی رێکخراوی مجاهیدینی خەلق لە ١٩٩١/٣/٢٥ شەهید دەکرێت و لە گۆڕستانی کەلاری کۆن بە خاک

دەسپێردرێت ، لە دوای خۆی مامۆستا ئەحمەد باوەڕ بەرهەم و شیعرەکانی لە دیوانێکدا بە چاپ دەگەیەنێت کە دوو جار چاپ دەکرێت ، هەروەها سەرکۆ محەمەدیش بەشێک لە شیعرەکانی لە نامیلکەیەکدا چاپ کردووە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ئەحمەد باوەڕ ، دیوانی شەهید محەمەد پەژار ، چاپی نوێ ، چاپخانەی کارۆ ( لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان ، ( کەلار :٢٠١٤ ) ، ل ٢٣-٢٦ .

**(٨)** ئەحمەد باوەڕ ، هـ . س ، ل ٣٦ .

**(٩)** چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان عەبدولقادر ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٨ .

**(١٠)** سی .ڤی هونەرمەند کامەران فایەق ، ئەرشیفی هونەرمەند محەمەد سابیر ٢٠١٦/٢/٢٨ .

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی تەوەری دووەم

**(١)** لە ساڵی ١٩٨٠ بە هەوڵی دلسۆزانەی هونەرمەندان توانرا وەزارەتی پەروەردە قایل بکرێت بە کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بۆ ئەوەی لە دەزگایەکی زانستیدا هونەر بە شێوەیەکی پسپۆڕی بخوێنرێـت ئەمەیش کاریگەری لەسەر هونەر هەبووە و زیاتر گەشەی کردووە بە تایبەت هونەری شانۆ ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د.سەلام فەرەج ، گەشەکردنی درامای کوردی ١٩٧٥-١٩٩٥ ، کوردۆلۆجی (گۆڤار ) ، ژمارە ( ٢ ) ، سلێمانی ، ساڵی ٢٠٠٩ ، ل ٢٨٠ .

**(٢)** چاوپێکەوتن لەگەڵ سەربەست ئەحمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٧ .

**(٣)** چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم حسێن ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/١١ .

**(٤)** چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد حەسەن ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٩ .

**(٥)** چاوپێکەوتن لەگەڵ سەربەست ئەحمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٧ .

**(٦)** مستەفا سەعید ، لە یادی نۆزدەساڵەی دامەزراندنی تیپی شانۆ و مۆسیقای گەرمیان دا ، بەشی ١ ، شێروانە (گۆڤار ) ، ژمارە ( ٣) ، کەلار ، خەزانی ٢٠٠٥ ، ل ١٦-١٨ .

**(٧)** عباس نجم الدبن ، چالاکی هونەری لە کەلار ، هاوکاری ( رۆژنامە ) ، ژمارە ( ٨٥٤) ، بەغدا ، ١٩٨٦/٨/٢٨ ، ل ٩ .

**(٨)** مستەفا سەعید ، س ، پ ، ل ١٨ .

**(٩)** چاوپێکەوتن لەگەڵ سەربەست ئەحمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٧ .

**(١٠)** چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان عەبدولقادر، هونەرمەند، کەلار،٢٠٠٦/٣/٨ ، چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران عەبدولڕەحمان ،هونەرمەند، کەلار ، ٢٠١٦/٣/١٤ .
**(١١)** دەلیلی شانۆی پیسکە ، دەرهێنانی کامەران فایق ، ١٩٨٧/٥/١٠ .
**(١٢)** ئەرشیفی کارە هونەریەکانی تیپی شانۆی سیروان ، ساڵی ١٩٨٧-١٩٩٠
**(١٣)** چاوپێکەوتن لەگەڵ سەربەست ئەحمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٧ .
**(١٤)** چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود محەمەد ناسر ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/١٣ .
**(١٥)** دەلیلی شانۆی دیوار و دەنگی خوێن ، دەرهێنانی مەحمود محەمەد ناسر ، ١٩٨٩/٢/١ .
**(١٦)** چاوپێکەوتن لەگەڵ سەربەست ئەحمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٧ .
**(١٧)** چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران عەبدولڕەحمان ،هونەرمەند، کەلار ، ٢٠١٦/٣/١٤ .

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی تەوەری سێیەم :

**(١)** مستەفا سەعید ، مێژووی تیپی مۆسیقا و شانۆی کەلار، بەشی ٢، شێروانە (گۆڤار )، ژمارە ( ٤) ، کەلار ، بەهاری ٢٠٠٦ ، ل٣٨ .
**(٢)** دەلیلی شانۆی چارەنوسی ئادەمیزاد ، دەرهێنانی سەربەست ئەحمەد ، ١٩٩١/١١/١٧.
**(٣)** دەلیلی شانۆی مامە یارە ، دەرهێنانی کامەران فایەق ، ١٩٩٢/٣/٢٥ .
**(٤)** دەلیلی شانۆی چیای بەزیو ، دەرهێنانی مەحمود وەهاب ، ئایاری ١٩٩٢ . لە ئۆردۆگای ێمودی پێشوو لە ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن رژێمی بەعسەوە دروست کراوە و دانیشتوانەکەی زۆرینەی لە کەس و کاری ئەنفال پێک هاتووە ( ناحیەی رزگاری ئێستا) سەر بە قەزای کەلارە چەندین کاری شانۆی ئەنجامدراوە لەوانە لە ساڵی ١٩٩٢ تیپێکی شانۆی دروست دەکرێت بە ناوی ( تیپی شانۆی ئاسۆ ) کە شانۆگەری ( خۆرهەڵاتن ) لە دەرهێنانی محەمەد حەسەن نمایش کردووە بە بەشداری چەندین ئەکتەر کە ژنان و کچانیشی تێدا بووە لەوانە ( کافیە عوسمان ، خالیە حەسەن ) ، هەروەها ئامادەی بەمۆیش لە ناحیەکە چەندین بەرهەمی شانۆی هەبووە لەوانە شانۆگەری ( تەنها کەوش لە پێ کردن بەس نیە ) لە دەرهێنانی سەرمەد نەوشاد لە چالاکی هونەری پەروەردەی کەلاردا بەشدار بووە ، هەروەها محەمەد تەنیا لە ساڵی ١٩٩٣ لە شانۆگەریەکدا کاری کردووە بە ناوی ئەشکەنجە ، لە رێگەی قوتابخانەکان و دەزگاکانی ترەوە بە تایبەت لە

ساڵیادی ئەنفالدا لە رزگاری بەردەوام کاری شانۆی نمایش دەکرێت .
**(٥)** چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان گەرمیانی ، هونەرمەند ، ٢٠١٦/٣/٢ .
**(٦)** تەها سلێمان ، تیپی شانۆی منداڵانی گەرمیان لە ئەرشیفی ون بووندا ، رێگای کوردستان ( هەفتەنامە) ، ژمارە ( ١٦٣) ، هەولێر ،١٩٩٥/٧/٤ ، دوالاپەڕە .
**(٧)** محمد ێابر ، بیبلۆگرافیای تیپی شانۆی منداڵانی گەرمیان ١٩٩٣-٢٠١٤ ، لەسەر ئەرکی ماڵی روناکبیری سەلام چاپ کراوە ، (کەلار :٢٠١٤) ، ل ١ .
**(٨)** مستەفا سەعید ، مێژووی تیپی مۆسیقا و شانۆی کەلار، بەشی ٢ ، س .پ ، ل ٣٨ .
**(٩)** چاوپێکەوتن لەگەڵ سەربەست ئەحمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٧ .
**(١٠)** چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید ساڵح ، هونەرمەند ، سلێمانی ، ٢٠١٦/٣/٨
**(١١)** چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان عەبدولقادر، هونەرمەند، کەلار،٢٠٠٦/٣/٨ .
**(١٢)** چاوپێکەوتن لەگەڵ پشکۆ محەمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٦ .
**(١٣)** چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم حسێن ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٣ .
**(١٤)** چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکەوت ئەحمەد ، کەسی نزیکی هونەرمەند ئەمین ساڵح ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/١٢ .
**(١٥)** سی .ڤی هونەرمەند کامەران فایەق ، ئەرشیفی هونەرمەند محەمەد سابیر ٢٠١٦/٢/٢٨ .
**(١٦)** چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود محەمەد ناسر ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/١٣ .
**(١٧)** چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد حەسەن ، هونەرمەند ، کەلار ٢٠١٦/٣/٩ .
**(١٨)** چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران عەبدولڕەحمان ،هونەرمەند، کەلار ، ٢٠١٦/٣/١٤ .
**(١٩)** سەباح عەلی جاف ، چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد سابیر ، ئاسۆ (رۆژنانە ) ، ژمارە ( ٨٨٦ ) ، سلێمانی ، ٢٠٠٩/١/٥ ، ل ١٢ .
**(٢٠)** چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود وەهاب ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٧ .
**(٢١)** چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان گەرمیانی ، هونەرمەند ، ٢٠١٦/٣/٢ .
**(٢٢)** چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال محەمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٧ .
**(٢٣)** سی .ڤی هونەرمەند زمناکۆ عەبدولکەریم ، ئەرشیفی هونەرمەند محەمەد سابیر ٢٠١٦/٢/٢٨ .
**(٢٤)** چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر عەبدوڵلا ، هونەرمەند ، کەلار ،٢٠١٦/٣/٢ .

**(٢٥)** چاوپێکەوتن لەگەڵ حسێن عەبدوڵڵا ، هونەرمەند ، کەلار ،٢٠١٦/٣/٨ .
**(٢٦)** ئاراز فایەق ، هونەرمەند رەحمان عەلی رەمەزان ، ئایندەی گەرمیان ( مانگنامە ) ، ژمارە ( ١٨) ، کەلار ، ٢٠٠٦/٧/٢٠ ، دوالاپەڕە .
**(٢٧)** بەرەوشار ، چاوپێکەوتن لەگەڵ زارا حەسەن ، بەرەوشار ( مانگنامە ) ، ژمارە ( ١) ، کەلار ، ٢٠ی شوباتی ٢٠٠٤ ، دوالاپەڕە .
**(٢٨)** سەباح عەلی جاف ، چاوپێکەوتن لەگەڵ شیرین شەوکەت ، ژیانەوە ( هەفتەنامە)، ژمارە ( ٢٠٧ ) ، سلێمانی ، ٢٠٠٥/١١/٢٠ ، دوالاپەڕە .
**(٢٩)** چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر عەبدوڵلا ، هاوسەری ئاوات محەمەد ، کەلار ، ٢٠١٦/٤/٦ .
**(٣٠)** چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆران نامیق ، هونەرمەند ، سلێمانی ، ٢٠١٦/٣/٢ .
**(٣١)** چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەر حەسەن ، هونەرمەند ، سلێمانی ، ٢٠١٦/٣/٩ .
**(٣٢)** چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر عەبدولکەریم ، هونەرمەند ، کەلار ٢٠١٦/٣/٣ .
**(٣٣)** چاوپێکەوتن لەگەڵ سامان مەحمود ، هونەرمەند ، کەلار ٢٠١٦/٣/٢ .
**(٣٤)** چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ساڵح ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٣١ .
**(٣٥)** چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد ئەحمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٢٥ .
**(٣٦)** چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆشش محەمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٦/٣/٧ .
**(٣٧)** چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکۆ محەمەد ، هونەرمەند ، سلێمانی ، ٢٠١٧/٣/١٦ .
**(٣٨)** چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیل محەمەد ، هونەرمەند ، کەلار ، ٢٠١٧/٤/٩ .

# خشتەی شانۆگەریەکان

## بەرهەمە شانۆیەکانی تیپە هونەریەکانی کەلار (١٩٨٦-٢٠١١ )

## بەرهەمە شانۆیەکانی تیپی شانۆ و مۆسیقای گەرمیان / کەلار
## خشتەی ژمارە ( ١ )

| ژ | ناوی شانۆ | دەرهێنەر | ساڵ | لایەنی پێشکەشکار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پارەی دەرمان | جیهاد کەریم | ١٩٨٦ | تیپی شانۆ و مۆسیقای گەرمیان |
| ٢ | دائیرەی نفوس | سەربەست ئەحمەد | ١٩٨٦ | تیپی شانۆ و مۆسیقای گەرمیان |
| ٣ | کاوەی ئاسەنگەر | سەربەست ئەحمەد | ١٩٨٧ | تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار |
| ٤ | دەریا | سەربەست ئەحمەد | ١٩٨٧ | تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار |
| ٥ | فایلی ٦٧ | سەربەست ئەحمەد | ١٩٨٧ | تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار |
| ٦ | بیرم کەوتەوە | سەربەست ئەحمەد | ١٩٨٩ | تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار |
| ٧ | چارەنوسی ئادەمیزاد | سەربەست ئەحمەد | ١٩٩١ | تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار |
| ٨ | چیای بەزیو | مەحمود وەهاب | ١٩٩٢ | تیپی شانۆ و مۆسیقای کەلار، یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان /کۆمیتەی کەلار |

# بەرهەمە شانۆیەکانی تیپە هونەریەکانی کەلار (١٩٨٦-٢٠١١ )

## بەرهەمە شانۆیەکانی تیپی شانۆی سیروان
## خشتەی ژمارە ( ٢ )

| ژ | ناوی شانۆ | دەرهێنەر | ساڵ | لایەنی پێشکەشکار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پیسکە | کامەران فایەق | ١٩٨٧ | تیپی شانۆی سیروان |
| ٢ | بیخەمی ناو بەرمیلەکە | کامەران فایەق | ١٩٨٨ | تیپی شانۆی سیروان |
| ٣ | بەسەرهاتی وەیسە | مەجید ساڵح | ١٩٨٩ | تیپی شانۆی سیروان |
| ٤ | روبار | مەجید ساڵح | ١٩٩٠ | تیپی شانۆی سیروان |
| ٥ | بۆیاخچی | کامەران فایەق | ١٩٩١ | تیپی شانۆی سیروان |
| ٦ | ژەمێکی چەور | مەجید ساڵح | ١٩٩١ | تیپی شانۆی سیروان |
| ٧ | مامە یارە | کامەران فایەق | ١٩٩٢ | تیپی شانۆی سیروان |
| ٨ | هاوارێکی تاساو | مەجید ساڵح | ١٩٩٢ | تیپی شانۆی سیروان |
| ٩ | شێتەکانی ئەمڕۆژگارە | رەحمان عەلی | ١٩٩٣ | تیپی شانۆی سیروان |
| ١٠ | دیمەنێکی بێ دەنگ | | ١٩٩٣ | تیپی شانۆی سیروان |
| ١١ | ئەژدیها و شاری ئەوین | مەجید ساڵح | ١٩٩٥ | تیپی شانۆی سیروان |
| ١٢ | هەڵپەرکێ لەسەر ئاوازی جیرگ | مەجید ساڵح | ١٩٩٦ | تیپی شانۆی سیروان |

| ژ | ناوی شانۆ | دەرهێنەر | ساڵ | لایەنی پێشکەشکار |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٣ | پارە | مەجید ساڵح | ١٩٩٦ | تیپی شانۆی سیروان |
| ١٤ | هەرێمی سەبر | مەجید ساڵح | ١٩٩٧ | تیپی شانۆی سیروان |
| ١٥ | دادگای ئەو پیاوەی نەجەنگا | مەجید ساڵح | ١٩٩٧ | تیپی شانۆی سیروان |
| ١٦ | شەقامی چاوەڕوانی | مەجید ساڵح | ١٩٩٨ | تیپی شانۆی سیروان |
| ١٧ | برایم زەبۆک | کامەران عەبدولڕەحمان | ١٩٩٨ | تیپی شانۆی سیروان بە هاوکاری لیژنەی خانەقینی (ی.هـ.ی.ک ) |
| ١٨ | حەشارگە | مەجید ساڵح | ١٩٩٩ | تیپی شانۆی سیروان ، حەوتەمین فیستیڤاڵی هونەری کەرکوک |
| ١٩ | چارەنوس درامای تەلەفیزیۆنی) | عوسمان عەبدولقادر | ١٩٩٩ | تیپی شانۆی سیروان |
| ٢٠ | شەوێکی باراناوی | عوسمان عەبدولقادر | ٢٠٠٠ | تیپی شانۆی سیروان |
